# پرۆژەی پاراستنی لاوان

# Youth Protection Project

ڕێکخراوی خاوێن بۆ پەرەپێدانی تەندروستی

X.O.H.D

منظمة خاوين للتطوير الصحى

# نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان
# ڕاستینەیی و داتان

نوسینی

د.عبدالحمیدالقضاة

وەرگێڕانی

هیدایت حسین هەورامی

٢٠١٧

چاپی یەکەم

بسم الله الرحمن الرحيم

**ناوی کتێب :** نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان راستینەیی و داتان

**ناوی نوسەر :** د.عبدالحمیدالقضاة

**ناوی وەرگێر : هیدایت حسین هەورامی**

- **تایپ :** ڕازۆ هیدایت - سۆزە هیدایت
- **دیزاین :** شلێر محمد
- **ساڵی چاپکردن : ٢٠١٧**
- **نۆرەی چاپ : یەکەم**
- **تیراژ : ٥٠٠ دانە**
- **مافی لەچاپدانی پارێزراوە بۆ وەرگێڕ**

# پێشەکی

## بەناوی خوای تاكو تەنها

سوپاسو ستایش بۆ دروستکەرو بەجێهێنەری بونەوەر, درودو سەلامی بێپایان بۆ گیانی پاکی حەزرەتی رەسول الله(ﷺ), بۆ سەر یارو یاوەرو شوێنکەوتوانی تا رۆژی دوایی.

سوپاسو ستایش بۆ خوای مهرەبان کە ئەم ئاینی ئیسلامە جوانەی پێ بەخشینو کردیە رێپیشاندەرو رێڕۆشنکەرەوەمان, یاساو بەرنامەو شەریعەتی بۆ رەوانە کردینو پێغەمبەری ئازیزیشی ((ﷺ)) کردە پێشەواو پێشەنگی مرۆڤایەتیو چرا هەڵگری رێی بەختەوەریو کامەرانی.

سوپاسو ستایش بۆ پەروەردگاری بەدیهێنەر کە شەریعەتو یاساو بەرنامەیەکی بۆ ناردوین کەتەواوو تەواوکارە لەگەڵ سروشتو فیترەتی مرۆڤەکان ﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ فِي مَخۡمَصَةٍ غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ٣ ﴾ المائدة: ٣

ئەمڕۆ ئاین و بەرنامەکەتانم بەکۆتایی گەیاندو نازو نیعمەتی خۆمم بۆ تەواو کردن و ڕازیم بەوەی کە ئیسلام ببێتە بەرنامەو دین و ئاینتان (جا لەگەڵ بڕیاردانی ئەو شتانەدا کە حەراممان کردووە) هەر کەس ناچار کرا لە گرانیی و برسێتیدا (مەترسی ئەوەی هەبوو

بمرێت) دەتوانێت لەو شتانە بخوات کە حەراممان کردووە (بەمەرجێک دەست درێژکار نەبێت و بەئارەزوو ژەمی زۆری لێ نەخوات) و خۆی تووشی گوناهو تاوان نەکات، ئەوە بەڕاستی خوا لێخۆشبووەو میهرەبانە (بۆ ئەو جۆرە حاڵەتانە( ﴿ فِطۡرَتَ ٱللَّهِ

ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيۡهَا ﴾ الروم: ٣٠

خەڵکینە ئێوەش پابەندی ئەو نەخشەیە بن کە خوا ئێوەی لەسەر دروست کردووە (واتە قورئان کەتەلۆك و نەخشەی ژیانی ئادەمیزادەکانە لێی لامەدەن)، هیچ جۆرە گۆڕانکاریەك لە هیچ نەخشەو دروستکراوێکی خوادا نی یە، ئا ئەوەیە دینی ڕاست و دروست، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەمڕاستیانە نازانن.

## خوای پەروەردگار مرۆڤی دروستکردوە بۆ چەند مەبەستێك:

## * بۆ پەرستش و بەندایەتی کردنی خوای گەورە ﴿ وَمَا خَلَقۡتُ

ٱلۡجِنَّ وَٱلۡإِنسَ إِلَّا لِيَعۡبُدُونِ ﴾ الذاريات: ٥٦

بێگومان من پەری و ئادەمیزادم دروست نەکردووەتەنها بۆ ئەوەنەبێت کەمن بپەرستن و فەرمانبەردارم بن.

## * بۆ ئاوەدانکردنەوەی سەر زەوی

## * بۆ جێنیشینی کردنی خوای پەروەردگار لە سەر ئەم زەویە

﴿ وَإِذۡ قَالَ رَبُّكَ لِلۡمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ خَلِيفَةٗۖ قَالُوٓاْ أَتَجۡعَلُ فِيهَا

مَن يُفۡسِدُ فِيهَا وَيَسۡفِكُ ٱلدِّمَآءَ وَنَحۡنُ نُسَبِّحُ بِحَمۡدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَۖ قَالَ إِنِّيٓ

أَعۡلَمُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ﴾ البقرة: ٣٠

(ئەی محمد (صلى الله عليه وسلم) باسی ئەوە بکە لە دێرین زەماندا پەروەردگارت بە فریشتەکانی وت: بەڕاستی من دەمەوێت لە زەویدا جێنشینێك دابنێم (بۆ ئاوەدانی و دینداری)، فریشتەکان وتیان: ئایا کەسێکی تیادا دەکەیتە جێنشین کە خراپەو تاوانی تیادا بچێنێت و خوێنڕێژی تێدا ئەنجام بدات؟! لەکاتێکدا ئێمە تەسبیحات و سوپاس و ستایشت دەکەین و قەدرو

ڕێزی تۆ چاك دەزانین و بەدووورت دەگرین لەو شتانەی شایستەی تۆ نین، (لەوەڵامیاندا) خوا فەرمووی: بێگومان ئەوەی ئێوە نایزانن من دەیزانم.

**بۆ ئەم مەبەستانەش پێداویستیەکانی بۆ فەراهەم هێناوە لە( قورئانی پیرۆزو بەرنامەو شەریعەتو ئاینی ئیسلام)، هەروەها ناردنی پێغەمبەرانو رەوانەکراوانی خوای پەروەردگار بۆ رێنمویی رێپیشاندانی گرۆهی بەشەریەت بە قورئانو سیرەتو سونەتەکانیانەوە, ئاینی ئیسلام ئاینێکی سروشتیو گونجاوە لەگەڵ فیترەتی مرۆڤەکاندا بۆ هێنانە دی مەبەستەکانی دروست بونی مرۆڤ, بۆ ئەوەی ژیان بەردەوامو سەرزەوی ئاوەدان بێتو بنیات بنرێو ژیانی تێدا بگوزەرێ, تاوەکو زیاتر خوای بێهاوتای تیا بپەرسترێ, بۆیە پێویستی بە بەرنامەو شەریعەتێکە کە ئەم مەرجانەی تێدا هاتبێتەدی کە بریتیە لە (جێبەجێکردنو ئەنجامدانی کاری هاوسەرگیری سروشتیو راستو دروست) بەو شێوەیەی کە خوای میهرەبان بۆ مرۆڤەگانی بڕیارداوەو دەستنیشانی کردوە, تاوەکو مرۆڤەکان ئاسودە بنو ئەرکەکانیان لەم سەر زەویەدا بە جوانی دروستی جێبەجێ بکەن، بۆیە لەم بابەتەی کە دەستمان بۆ بردوە کە بریتیە لەو لادانە رەوشتیانەی کە مرۆڤ تێی ئەکەوێت بە هۆی نەفامیو نەزانینیەوە لە بەرنامەو یاسای خوای تاكو تەنها , ئەگەر بەگوێو شوێنی ئەم بەرنامەی خوای گەورەیە نەکرا ئەوا مرۆڤەکان توشی بەلاو کارەسات دەبن.**

دوابەدوای بەشداری کردنم لە خولێك لە ڕۆژی (شەممە) بەرواری (١٤/١١/٢٠١٥) کە پزیشکانی یەکگرتوو کردبوویانەوە ئێمەش وەك تەندروستکارانی یەکگرتوو بەشداریمان کرد، کە خولەکە دوو ڕۆژی خایاندو لە لایەن بەڕێز (د.عبدالحمید القضاة) تەواوی وانەکان وترانەوەو پێشکەش کران.

دوای تێگەیشتنم لە کاری پیاوچاکان‌و دڵسۆزانی خواو خەڵك لەسەر ئەرك‌و ماندوبون‌و گیرفانی خۆی‌و ئەم هەموو هەوڵ‌و تێکۆشان‌و گەڕان بە وڵاتان‌و لە بواری تەندروستی خۆیدا تا بتوانێ زۆرترین‌و گەورەترین خزمەت بە مرۆڤایەتی بکات.

بۆیە وەك لە دروشمەکەیدا دیارە (دەست لەناو دەست) منیش دەستم بردووە بۆ نێو دەستان‌و قۆڵی مەردایەتیم‌و بە ئاگاییم لێهەڵماڵیوە زۆر تا نا کەمێك بتوانم بەردێك بخەمە سەر بەردێك لە سەر دیواری ئەم پیاوە بەرزو بەڕێزو دڵسۆزو ماندوونەناسەو ناوازەوە بە ئومێدی ئەوەی بتوانم خزمەتێکی گەلەکەم بکەم بە وەرگێڕانی کتێبەکانی (ناوبراو)ی بەڕێز، ئێمەش وەك نەتەوەی کورد خۆمان دوورەپەرێز بگرین لە بێ ئەمری فەرمانەکانی خوای دروستکەرمان.

# نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان راستینەیی‌و داتان

ئەمە کۆمەڵێکە لە (راستینە) راستێتی‌وداتاو ژمارەو زانیاری سەبارەت بە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان‌و رێگاکانی گواستنەوەو هۆیەکانی بڵاوبونەوەیان بەم شێوازو شێوە ترسێنەرو تۆقێنەرە لەسەر ئاستی جیهان.

زانینی نمونەی ئەم زانیاریانە لەلایەن گەنجان‌و لاوانەوە کاتێ کە بەشدار ئەبن لە هۆشیارکردنەوەو رۆشنبیرکردن‌و وەڵامدانەوەی هەندێ لە پرسیارەکان کە لە دەرون‌و مێشکی هەندێ کەسدا بەبێ دەنگ‌و بەبێ وەڵام ماونەتەوە، دواجار دووری خستونەتەوە کە بکەونە ناو ئەم نەخۆشیانەو توش ببن بەم نەخۆشیانە، ئەویش بەم شێوەی لای خوارەوە:

١- لەوانەیەو ئەگونجێت میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان ببنە هۆکار بۆ نەخۆشی بۆ کەسێك، بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی لێ دەرکەوێ.

٢- نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان پێشتر پێیان ئەوترا (نەخۆشیە زوهری) یەکان، کە زاراوەیەکە لە ناوی (خوای خۆشەویستی ڤینۆس)ەوە وەرگیراوە لەلای رۆمانەکان..(venus)

٣- تێچوی راستەوخۆی پزیشکی بۆ توشبوانی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، لە هەموو شوێنە جیاوازەکانی جیهان

سنوری بەزاندو بەربەستی تێپەڕاند کە ساڵانە (١٥٠) ملیۆن دۆلارە بەپێی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی.

٤- ئەگەری ئەوەی هەیە کە هەر کچێك کاری سێکسی لە دەرەوەی سنورو بازنەی ژنو مێردیدا ئەنجام بدات، توشی نەخۆشیەکی سێکسی ببێت چوار جار زیاتر لەوەی کە هەڵگری کۆرپەیەك بێت لەسکیدا بەهۆی بەدڕەوشتی وزیناوە.

٥- ئەنجامدانی کاری سێکسیو پێشەکیەکانی بە هەر جۆرێك لە جۆرەکان بە فڕێدانی ئاو بێت یان بەبێ ئاو فڕێدان، لەوانەیە هەندێ میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان بگوازرێنەوە.

٦- هەموو ئەو زیپکانەو دومەڵە بچوکانەی کە لەسەر کۆئەندامی زاوزێ دروست ئەبنو دەرئەکەون نەخۆشیەکی گوازراوەی سێکسی نین، بەڵکو بە ئاسانی (سادەیی) هەندێ جار ئاماژەی ئەوەن کە لە زیپکەی لاوان (گەنجان) ئەچن.

٧- هەموو ساڵێك لەنێوان (٣٠٠- ٥٠٠) ملیۆن توشبوی نوێ بە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان لە جیهاندا رودەدەن بەپێی سەرژمێری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی.

٨- ژنانو منداڵەکانیان زیاتر (ئامادەن) بۆگەورەترین (مەترسی) لە پیاوان، بەهۆی ئاسەوارو شوێنەواری بەردەوام یان درێژخایەن، لە دەرەنجامی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان.

٩- زیاتر له (٤٠) ملیۆن کەس لەجیهاندا مردون بەهۆی نەخۆشی ئایدزەوە لەساڵی ١٩٨١ دا.

١٠- ناوەندی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیەکان له ئەمریکا گشتاندنی کرد (CDC) له سەر ئایدز که له سەرەتای دەرکەوتنی ناوە راستەقینەیەکەی که بریتی بوو له (شێرپەنجەی سێکسی نائاسایی‌و ناباو نامۆ)، دواتر ناوەکەی گۆڕا به (کەمی بەرگری پەیوەندیداربە سێکسی نائاسایی‌و ناباوو نامۆ، بەڵام دوای چیرۆکی ئەکتەری بەناوبانگ (روك هدسن) که نەخۆشیەکی تازە ریسواو سەرشۆری کردو ئابڕوی بردوە که گوایاسێکسی نائاسایی‌و ناباو بوە، کاتێك که پرۆفیسۆرێکی فەرەنسی (لوك مونتنیە) که ڤایرۆسی ئایدزی دۆزیەوە بۆی باسکردم که (روك هدسن) به نهێنی هات بۆلام بۆ پەیمانگای (باستور) له پاریس‌و (٣٠) ملیۆن فرەنکی فرەنسی بەخشیە پەیمانگاکە هاوبەشی کرد، به مەرجی ئەوەی تویژینەوەو هەوڵو تێکۆشانی بەردەوام له چارەسەر بۆ رزگاربون بەخێرایی له نەخۆشیە کەی تا ئابڕوو کەرامەتی نەچێت. بەڵام نه تویژینەوەکان یارمەتیان داوو نه نەخۆشیەکەش پشت گوێی خست بەڵکو لەگەڵیدا بوو تا مرد، بۆیە نەفرەتکردن لەکاری (سێکسی ناسروش‌و نادروست)و بەدڕەوشتی‌و بەدڕەوشتان زیاترو زۆرتر بوو، لەبەرئەوە لەساڵی (١٩٨٢)ی زاینیداو له ژێر فشاری کۆمەڵگاکانی سێکسی

نائاسایی‌و ناباوو نامۆ لە جیهانی رۆژئاوادا، دووبارە ناوێکی تری نوێی کردەوە بە بەرداو ناوێکیتری لێنا، بۆ پاراستن‌و پارێزگاری کردن لە سومعەی (لەکاری بەدڕەوشتی‌و بەدڕەوشتان)، لەبەر ئەوەی هەستاون بە جێبەجێکردنی یاسا پێویستەکان کە دائەنرێن بەوەی کە ئەنجامدانی کاری سێکسی نائاسایی رەوایەو مافێکە لە مافەکانی مرۆڤۆ ئازادی تاکە کەسییە پێویست ناکات‌و نابێ تانەی لێ بگیرێ. بۆیە ئەو نەخۆشیە نوێیە گشتاندنی بۆ کراو بڵاویان کردەوە بە (متلازمە نقص مناعە المکتسب) (پەیوەندێتی کەمی بەرگری بەدەستهاتوو) الایدز (AIDS)و پۆلێنرا بەوەی کە یەکێکە لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان.

١١- زۆرێك لەو کەسانەی کە لە ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکادا ئەژین (هەڵگرن بەیەکێك لە ڤایرۆسی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، کە ژمارەیان سەری کردوە وزیادی کردوەو لایداوەو گەیشتۆتە (٦٥) ملیۆن کەس، نیوەی ئەوانەی کە لە کارو کرداری سێکسیدا چالاکن‌و ئەبنە هەڵگری یەکێك لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان پێش باڵق بونیان کە تەمەنیان لە (٢٥)ساڵیدایە.

١٢- ڤایرۆسی (لیمفە گرێ) لوی حولیمی سەرپێست (HPV) کە هۆکاری توشبونی بالوکەو شێرپەنجەی کۆئەندامی زاوزێیە، کە زۆر بە خێرایی بڵاو ئەبێتەوەو گەشە ئەکات لەنێوان میکرۆبی لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان.

١٣- چێژوەرگرتن بە ئاوهێنانەوەی یەکترو(ئاڵوگۆڕ)، ئەم کردارە بەرگریو ڕێگری ناکات لە توشبونی هیچ جۆرێك لە جۆرەکانی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکانی وەك:

(ئەسپێی بەر، گەڕی، هەوکردنی دامێن بەهۆی بەکتریاوە، ڤایرۆسی گەورەکردنی خانەکان (CMV) ڤایرۆسی هێربسی سێکسی.

١٤- ئەسپێی بەر (دامێن)، مشەخۆرێکی بچوکەو لەسەر خوێنی مرۆڤ ئەژیو خۆراك وەرئەگرێت، ئەتوانێت بگوازرێتەوە (توانای ئەوەی هەیە) بگوازێتەوە لە ڕێگەی پەیوەندیو بەیەکگەیشتنە سێکسیەکانەوە، تەنانەت ئەگەر کرداری (ایلاج) بردنە ناوەوەش روی نەدابێت، یان ئاڵوگۆڕی شلەو ئاوەکانی لەشیش نەکرابێت، مادام موو (توکەبەر) هەیە، نەخۆشی ئەسپێاوبونی بەر (دامێن) (بەر پڕبوبێت لە ئەسپێ)، بڵاوە بەشێوەیەکی زۆر فراوانو گەورە لە جیهانی رۆژئاوادا لەبەر ئەوەی توکە بەریان ناتاشن، لەبەر ئەوە لەلیستی نەخۆشیە گوازراوەسێکسیەکان ئەژمارو تۆمار کراوە، بۆیە ئەم نەخۆشیە لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا زۆر زۆر دەگمەنو کەمە، لەبەر ئەوەی موسڵمانان توکەبەریان ئەتاشن لەبەرسونەتو فەرمودەی پێغەمبەری ئازیز(ﷺ) کاتێ کە ئەفەرموێ (الفطرة خمس: الخِتان، والاستحداد (حلق شعر العانة)، وقصُّ الشارب، وتقليم الاظفار، ونتف الاباط) بوخاریو موسلیم ریوایەتیان کردوەو گێراویانەتەوە.

هەروەها ئەنەسی کوڕی مالك لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) ئەفەرموێ: وُقِّتَ لنا فِي قصِّ الشارب، وتقليم الأظافر، ونتْف الإبْط، وحَلْقُ العانة: ان لا تُتَرك اكثرَ من اربعين).

١٥- بنچینەو بناغەی میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان تائێستا ناڕون‌و ئاڵۆزە، بەڵام زۆرێك لە توێژەران بڕوایان وایە کە هەندێ لە میکرۆبەکان بە تێپەڕبونی کات‌و زەمانە زیادو زۆر ئەبن‌و ئەگونجێن‌و رادێن بە هۆکاری جیاواز، کارئەکەنە (کاریگەریان ئەبێت) لەسەر کۆئەندامی زاوزێی مرۆڤایەتی، ئەمە تەنها یەکێکە لە بیردۆزە گریمانەییەکان کە (نەگەیشتە) ئاستی راستی وڕاستگۆیی.

١٦- نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان ئەوانەیان کە شیاوو شایستەی شیفاو چاکبونەوەن‌و ئاساین برتین لە: (کلامیدیا، سیلان، زهری، نەخۆشی (المشعرات (توکنی، موین/ ترایکوموناس))، ئەگەر چارەسەریان بەجوانی‌و بەچاکی وبە تەواوەتی وەرگرت‌و بەکاریان هێناو بەڕێگەیەکی راست‌و دروست‌و بە رێنمایی‌و لەژێر چاودێری پزیشکی پسپۆڕدا، نەخۆشیە ڤایرۆسیە گوزراوە سێکسیەکان، ئەوانەشیان کە چاك نابنەوە برتین لە (ڤایرۆسی لوی حولیمی سەرپێست)، هربس، هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی جۆری (B)و ڤایرۆسی کەمی بەرگری مرۆیی(HIV).

١٧- نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکانی وەك (کلامیدیا، سیلان، زهری) ئەمانە کە چاك ئەبنەوە، بەڵام ئەگەر وازیان لێهنراو پشتگوێ خران بەبێ چارەسەر ماناوە، لەوانەیە ببنە هۆی (مردن، نەزۆکی، ئازارە درێژخایەنەکان، شورەیی ونەنگی، زگماکی ترسناك‌ومەترسیدار، هەروەها هەندێ جاریش ئەبنە هۆی لە بارچونی دوبارە.

١٨- ساڵانە زیاتر لە (١٨٠) ملیۆن توشبونی نوێ رودەدەن بە نەخۆشی (داء المشعرات/ ترایکوموناس) لەسەرتاسەری جیهاندا، لە کاتێکدا بە تەنها لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، ساڵانە ژمارەی توشبوانی نوێ مەزەندە ئەکرێ بە (نزیکەی) (٥، ٧) حەوت ملیۆن‌ونیو حاڵەت (بار)ە.

١٩- زانایان لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا نەخۆشی ئایدزیان پۆلاندو خستیانە پۆلی (ریزی) نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکانەوە بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨١دا، هەرچەندە لەگەڵ ئەوەشدا بڕوایان وابوو کە پێش ئەوە، ڤایرۆس (چوەتە) ئەمریکای باکورەوە لەگەڵ کۆچبەرە هایتیەکان.

٢٠- زانستیانە سەلماوەو جێگیر بوە کە (سێکسی دەم/ لە رێگەی دەمەوە) زیاد لە ١٠ لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، کە ڤایرۆسی (کەمی بەرگری مرۆیی) (HIV) یشی تێدایە.

٢١- میكرۆبی كلامیدیا (بچوكتره له بەكتریاو گەورەتره له ڤایرۆس) كه زۆرترین میكرۆبی نەخۆشیه گوازراوه سێكسیەكانه كه له جیهاندا بلاوبۆتەوه، ئەبێته هۆی زنجیرەك له ئازارو ئەشكەنجەو دەردەسەری پێش ئەوەی دەست نیشان بكرێتو بدۆزرێتەوەو چارەسەر بكرێت، كه له پێشتردا تەنها لەیەك ساڵدا (٤٠٠) ملیۆن توشبوو تۆماركراون.

٢٢- سالآنه له نێوان (١٥٠-٢٠٠) ملیۆن كەس له جیهاندا توش ئەبن به نەخۆشی سیلان كه زۆربەیان (٥٠٪-٧٥٪) له لاوانو گەنجانن بەپێی خوێندنەوەكانی رێكخراوی تەندروستی جیهانی.

٢٣- هەندێ له زانایان بڕوایان وایه كه ئایدز سەرەتا له مەیمونەوه له ئەفریقیا (مەیمونی سەوز له زائیر) دەستی پێكردو، گوازرایەوه بۆ مرۆڤ له سەرەتاكانی سەدەی بیستەم، كاتێك كه راوچیەك بریندار ئەبێت بەهۆی گازلێگرتنیەوه لەلایەن مەیمونێكی توشبوەوه (ئەمه تەنها گریمانەیەكه، تائیستاش جێگیرنەبوەو نەسەلماوه)، بەهەر حاڵ لێرەدا (١٠) بیردۆز دانرانو دروستكران سەبارەت به راڤەكردنی بنچینەو بناغەی ڤایرۆسی ئایدز. تا ئێستا هیچكام لەو بیردۆزانه نەیانتوانی قایلكەربنو كەس قایل بكەن (رازیكەربن)، هەر بۆ زانین بەهێزترینی ئەو بیردۆزانه (بیردۆزی مەیمونی سەوزه) كه له پێشدا ئامازەی پێكرابوو، كه هیچ نزیكیش

نەبو لەڕاستیەوە، مەگەر تەنها زانایان لێکچویەك وەك ڤایرۆسی ئایدزیان وەرگرت کە لە مەیمونی سەوزدا هەیە، بەمەرجی ئەوەی بیکەنە جەستەی مرۆڤەوە دوای ئەوە نەخۆشی ئایدز بەرهەم دێت (ئالەو کاتەدا راستی دەرئەکەوێت)و لەژێر رۆشنایی نەبونی کەسێکی خۆبەخش کە تاقیکردنەوەکەی لەسەر بکرێتو نەبونی ئاژەڵێکی تاقیگەیش تا ڤایرۆسەکە گەشەی لەسەر بکات، بۆیە لە ژێر ئەو رۆشناییەدا، ئەم گریمانەیە مایەوە لە پێوەری بیردۆزەکان، ماوەتەوە بڵێین مەیمون تاوانبار کراوەو تاوانباریش بێبەریەو هیچی لە سەر نیە تا گوناهو تاوانەکەی بەسەردا ساغ ئەبێتەوەو ئەسەپێنرێت بە سەریدا.

٢٤- مەزەندەو دانانەکانی ناوەندی کۆنترۆڵی نەخۆشیەکان پەتاکان (CDC)

ئاماژە بەوە ئەدەن کە ( ٢٠) ملیۆن کەس لە ویلایەتە یەکگرتوەکان هەر ئێستا توشبون بە ڤایرۆسی لوی (لیمفە گرێی)ی حولیمی سەرپێستی کۆئەندامی زاوزێ (HPV) کە بریتیە لەو ڤایرۆسەی هۆی حاڵەت (بار)ی شێرپەنجەی ( ملی منداڵدان، کۆم، دەم، قوڕگ، لێوەکان، زمان، بالوکەی ئەندامەکانی زاوزێ)، هەر بۆ زانین کەوا زانایان (تێبینیو چاودێری ئەوەیان کرد کە هەتا ئێستا (١٠٠) نەوە، وەچە لەم ڤایرۆسە، ٤٠ دانەیان لەو ڤایرۆسانە چالاکن لە رودانو دروستکردنی بالوکەی

کۆئەندامی زاوزێ، لە نێوان ئەوانەشدا (٦) وەچەیان ئەبنە هۆی رودانو دروسبونی شێرپەنجەی (ملی منداڵدان، دەم، قوڕگ)، هەر بۆ زانین بەشێوەیەکی گشتی هیچ چارەسەرێکی نیە مەگەر تەنها نەشتەرگەری بکرێن یان داخ بکرێنو بسوتێنرێن.

٢٥- شەش ملیۆنو دوسەد هەزار (٦٢٠٠٠٠٠) حاڵەت (بار)ی نەخۆشی تازە، ساڵانە روئەدەن لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا، کە زۆربەیان نابنە هۆی هیچ کێشەو گرفتی سەرەتایيو پەتاو درمی، هەر بۆ زانین لێرەدا (٢٩٠) ملیۆن ئافرەت (ژن) هەڵگری ئەم ڤایرۆسەن، کە زۆربەیان بێ نیشانەن.

٢٦- هەندێ لە نەژادو وەچەی ڤایرۆسی لوی حولیمی سەرپێست، لەوانەیە ببنە هۆی توشبونی بەردەوام (توشبون بە بەردەوامی)، کە دواجار زیاد ئەکەنو ئەگۆرێن بۆ (شێرپەنجەی دەمو قوڕگ)ی جۆراوجۆرو جیاواز، یان ملی منداڵدان.

٢٧- لێرەدا کوتان هەیە بۆ خۆپاراستن لە نەوەو وەچەی هەندێ لوی حولیمی سەرپێست، کە بە ٣ جار (دڵۆپە) ئەدرێت لە ماوەی ٦ مانگدا، کە ئەوە بەسەو زۆری تێناچێتو لە رۆژ ئاواشدا وەسیەتی پێ ئەکرێ بۆ ئەو کچانەی کە توش نەبونو تەمەنیان لەنێوان (١٣-٢٦) ساڵدایە کە خۆیان بکوتن، هەر بۆ زانین هەندێ لە راپۆرتە زانستیەکان باس لەوە دەکەن کە هەندێ مردنی کتوپڕی لەنێو هەرزەکاران رویدا بەهۆی خۆ کوتانیانەوە

بەم كوتانی خۆ پاراستنە، هەندێ لیژنەی (پاراستنی تەندروستی) لە وڵاتە عەرەبیەكان هەستان بە خوێندنەوە بۆكردنی سودو كەڵكی ئەم كوتانە لە وڵاتەكانیان، دواجار بڕیاریان دا كە وڵاتە ئیسلامیەكان هیچ پێویستیان بەم كوتانە نیە، بەهۆی پاكیزەیی وپاك داوێنیەوە كە موسڵمان چێژی لێوەردەگرێت پێش هاوسەرگیری، دواتر لە سێكس بەتەواوەتی لەبەرگوێڕایەڵی بۆ خوای تەبارەك وەتعالی، ﴿وَلاتَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلاً﴾ الإسراء/٣٢.

٢٨- ساڵانە (٥٠) پەنجاهەزار توشبوی نوێ بە ڤایرۆسی ئایدز رودەدەن لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكادا بەپێی راپۆرتی بەرنامەی نەتەوە یەكگرتوەكان بۆ لەناوبردن و نەهێشتنی ئایدز لە ساڵی ٢٠١٣ دا.

٢٩- رۆژانە (١٥٠٠) هەزارو پێنج سەد مرۆڤی نوێ توش ئەبن بە ڤایرۆسی كەمی بەرگری مرۆیی لە باشوری ئەفریقیا بەپێی راپۆرتە فەرمیەكان، هەر بۆ زانین لێرەدا هەندێ باوەڕی پڕوپوچی بڵاو بوەوە هەن لە هەندێ ناوچەی ئەفریقادا كە یارمەتی بڵاوبونەوەی ئەم ڤایرۆسەو هیتریش دەدات (وەك باوەڕبونی هەندێ لە توشبوان بەوەی كە لەم نەخۆشیە چاك نابێتەوە تا دەستدرێژی نەكەیتە سەر كچێك یان منداڵێكی بچوك، لە بەر ئەوە

نەخۆشەکە هەوڵ ئەدات بۆ ئەوەی چاك ببێتەوە، بەو جۆرە قوربانیەکیتری تازە زیاد ئەبێت بۆ ژمارەی توشبوان.

٣٠- ڕێژەی توشبوان بە میکرۆبی کلامیدیا لە نێوان پیاوانی ئەمریکیداکە لە بنچینەدا ئەفریقین زیاترە بە (١١) جار لە نێوان پیاوانی سپی پێستدا، زیاد لەوەش، بە بەردەوام ڕەش پێستەکان زۆرترین کۆمەڵێکن (کەسانێکن) کە نەخۆشی سیلان زۆرتر ڕۆڵو کاریگەری هەبوە لەسەریان، لە ساڵی (٢٠٠٤)دا ڕێژەی نەخۆشی سیلان لە نێوانیاندا (١٩) ئەوەندەی ڕێژەی نێوان سپی پێستەکان، ئەمەش بەپێی ڕاپۆرتی (ناوەندی کۆنترۆڵ کردنی نەخۆشی لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا.

٣١- لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو ئەمریکییانەی کە بە ڕەگەزن ئەفریقیین، تەنها لە ١٣٪ی دانیشتوانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پێك دەهێنن، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا نیوەی حاڵەت (بار)ەکانی توشبونی نوێ بە ڤایرۆسی ئایدز پێك دەهێنن کە دەست نیشانکراون و دۆزراونەتەوە.

٣٢- هەرچەندەو لەگەڵ ئەوەشدا هەرزەکاران و لاوان نوێنەرایەتی تەنها ٢٥٪ لە دانیشتوان چالاکن لە بواری سێکسدا، کە تەمەنیان لەنێوان (١٥-٢٤) ساڵیدایە، (٥٠٪-٧٥٪) پێکدەهێنن لە توشبوانی هەموو نەخۆشیە گوازراوە زایەندیەکان،

که دەستنیشان کردنیان تەواوبوە ساڵانە لە جیهاندا بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی کۆنترۆڵکردنی نەخۆشی.

٣٣- هەموو ڕۆژێك لە ئەمریکا (١٢٠٠٠) دوانزە هەزار لە هەرزەکارانی هەردوو ڕەگەز توشئەبن بە نەخۆشیە گوازراوە زایەندیەکان.

٣٤- لەگەڵ یەکەم توشبونی ژن بە نەخۆشی (کلامیدیا) ئەگەری ٢٥٪ ی نەزۆکی هەیە، لەکاتێکداو لەگەڵ توشبونی دوەمدا ئەبێتە ٥٠٪، لە سێهەم توشبوندا بە تەواوەتی نەزۆکی دەبێتە ١٠٠٪، هەروەها بەهۆیەوە توشی هەوکردنی حەوز (PID) دەبێت.

٣٥- لە ئەفریقیا نەزۆکی لە دەرەنجامی هەوکردنی حەوز PID) ڕێژەی (٥٠-٨٠٪) پێکدێنێت لە کۆی حاڵەت (بار)ەکانی نەزۆکی بەهۆی توشبون بە میکرۆبی کلامیدیا میکرۆبی سیلان.

٣٦- لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە پزیشکیە فراوان‌و گەورەیەداو هەڵمەتی زیادو زۆر بۆ هۆشیار کردنەوە سەبارەت نەخۆشیە گوازراوە زایەندیەکان، ئەوەش پێی ئەوتریَ سێکسی سەلامەت‌و دڵنیا، دوای بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کەمی بەرگری وەرگیراو، بۆیە ژمارەی توشبوان

بەم نەخۆشیانە بەردەوام لە زیادبوندان بە جۆرێك کە ژمارەیان گەیشتۆتە (٤٩٩) ملیۆن توشبوی نویَ‌و تازە لە جیهاندا لە ساڵی

(٢٠١٣)دا بەپێی ئاشکرابوونی راستیەکان. ژمارە (١١٠)ی دەرچوو لە رێکخراوی تەندروستی جیهانی لە ساڵی (٢٠١٣)دا.

٣٧- السحاقيات/ پانپانۆکێ (السحاقيه: ئەو ژنەیە (ئافرەتەیە) کەوا کاری سێکسی ئەنجام ئەدات لەگەڵ ژن (هاوڕەگەزی خۆی)، کە ئەم ژنانەش وەك ژنانیتر ئامادەن بۆ توشبون بە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، بۆیە پێویست ئەکات سالأنە پشکنینی (شێرپەنجەی ملی منداڵدانیان بۆ بکرێت).

٣٨- زۆربەی زۆری نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان لەوانەیە بە وردی بدۆزرێنەوەو پێیان بزانرێت، لە دوای ماوەیەکی کەم بە توشبونی نەخۆشیەکە، تەنها ڤایرۆسی کەمی بەرگری مرۆیی نەبێت، کە کاتی زیاتری ئەوێت تا نەخۆشیەکە بدۆزرێتەوە، زیاتر لە جارێك کە لەوانەیە بگاتە (٦) مانگ لە دوای توشبون، تاوەکو دەرەنجامێکی زۆر ورد بەدەست بهێنین.

٣٩- میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، لەوانە نیە بگوازرێنەوە لە رێگەی مەلەو مەلەوانگەو گۆماو ئەستێڵك، یان گەرماوە گشتیەکانەوە، بەڵکو لە رێگەی پەیوەندیو بەیەکگەیشتی راستەوخۆوە ئەگوازرێتەوە لە هەر شوێنێك بێت.

٤٠- میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، بەهۆی ئاو یان هەوا یان خواردنەوە ناگوازرێتەوە، بەڵام بەهۆی لێخشاندی

راستەوخۆی پێستەوە ئەبێت بەتایبەتی لە کاتی (زینا- داوێن پیسی- بەدڕەوشتی) کاری ناسروشتو ناباوو نائاساییدا.

٤١- میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، لە خاكو خۆڵدا نیە وەکو میکرۆبە سادەکانیتر، زۆر هەستیارە بە وشکیو تیشكو، هەندێکیان بێ هەواین (بەبێ هەوا ئەژین)، راستەوخۆ ئەمرن دوای هاتنە دەرەوەیان (دەرچونیان) لە جەستەی کەسی توشبوو، کەوتنە بەر هەوا (هەوای بەرکەوت).

٤٢- میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، توشی ئاژەڵەکان نابێت، نابنە هۆی هیچ نەخۆشیەك تەنها مرۆڤ دوچاری نەخۆشی ئەکەن، کە ئەمە گاڵتەو لاقرتی پێکردنە بۆ سزادانی (بێڕەوشتانو بەدڕەوشتانو لارو رەشت ناوازە، بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو کەسەی کە سێکسی حەڵاڵ ئەنجام ئەدات لە رێگەی (هاوسەرگیریەوە) (دڵسۆزە بۆ هاوسەرەکەی، هاوسەرەکەش دڵسۆزە بۆ پیاوەکەی) توشی ئەم نەخۆشیانە نابن، بەڵکو بڵاوبونەوەی سێکسی حەرامو یاساغو خیانەتو لەیەك ترازانو هەڵوەشانو ئەنجامدانی سێکسی حەرام (زیناو بەدڕەوشتیو سێکسی نابناو نامۆو سێکس لە رێگەی دەمەوە) ئەمانە هەمویان بەرپرسی سەرەکینو هۆکارن لە بڵاوبونەوەی ئەم نەخۆشیانە.

٤٣- برینی (نەرم، شل)، نەرمە برین یەکێکە لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسییە توندو بەهێزەکان بەڵام ئەکرێو شیاوی چاك

بونەوەیە، کە نەرمو لوسە، پێچەوانەی برینی (سفلس) کە (رەقە یان تواناى کشانى هەیە برینەکانى لە پیاواندا زۆر بە ئازارن، زۆر تێکەڵی هەیە لە نێوانیانداو لەنێوان سفلس یان هربسدا، زۆر بە دەگمەن روو ئەدات لە رۆژئاواو، زۆربڵاوئەبێتەوە لە ناوچە گەرمەکانو چڕوپڕو جەنجاڵو قەرەباڵغەکان بە تایبەتی لە هەندێ ناوچەی ئەفریقادا.

٤٤- نیوەی لاوانو هەرزەکارانی ئەمریکی کە چالاکن لە سێکسدا( خەریکی چالاکی سێکسین) نازانن‌و بێئاگان لە ماوەی (مدی)ی سەلامەتیان لە ڤایرۆسی کەمی بەرگری مرۆیی (ڤایرۆسی ئایدز)، لەبەر ئەوەی پشکنینەکانیان تەواو کردوە بۆ دۆزینەوە لە بونو نەبونی ڤایرۆس، هەرچەندە ئەوان (لاوانو هەرزەکاران) کەمترن لە چارەکێك.

٤٥- ئەو نەخۆشیە گوازراوە سێکسییەی کە زیاتر رۆڵو کاریگەری هەیە لەسەر پیاوان، نەخۆشی (سفلس)ە.

٤٦- گەرماوە گشتییەکان کە زۆر بڵاوبوون لە ساڵەکانی (٧٠)دا لە سەدەی رابردودا زۆر بوون ژینگەیەکی زۆر گونجاویان پێك هێنابوو بۆ (بەدڕەوشت، رەوشت نامۆو ناباو) لەپیاوانو، بووبویە شوێنی بەیەکگەیشتنی زیاتری هاوڕێ سێکسیە شەرەفو ناموسیەکان (بێناموسەکان/ بێشەرەفەکان)و، کانگای خراپەو داوێن پیسی)، هەروەها ژینگەیەکی خۆشو ئاسودەو

تێروتەسەلی ژیانی پێکهێنا بۆ ڤایرۆسی کەمی بەرگری وەرگیراوو میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکانیتر.

٤٧- سێکسی کۆم، کە یەکێك لە (هاوڕێکانی پەنجەی بەکار ئەهێنێ بۆ وروژاندنو خورانی کۆمی هاوڕێکەیتر، ئەکرێو ئەگونجێت هۆکارێك بێت بۆگواستنەوەی ڤایرۆسی ئایدزو ڤایرۆسی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکانیتر.

٤٨- هەندێك لەوانەی کە توشبون بە ڤایرۆسی (HIV) نەخۆشی ئایدزیان لە کاتێکی زۆر نزیکدا لێیدەرئەکەوێ، بەڵام هەندێکیتریان بۆ دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشیەکە بە تەواوی (١٠) ساڵ یان زیاتر ئەخایێنێت، تا نیشانەکان بە تەواوی دەرکەون، بۆیە لێرەدا جیاوازیەکی گەورە هەیە لە نێوان توشبواندا، کە ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ هەندێ هۆکار:

(فشاری دەرونی، خۆراك، چاودێری تەندروستی و...هتد).

٤٩- ئەو کەسانەی کەوا بێزارنو ئەناڵێنن بەدەست نەخۆشیە گوازراوە سێکسییەکان، ئەوانە زیاتر ئامادەن توشی ڤایرۆسی ئایدز بن، لەبەر ئەوی برین لە ئەندامی زاوزێیدا زۆرەو رێگەیەکی ئاسانە بۆ ڤایرۆسی ئایدز بۆ چونە ناوەوەی بۆ رێڕەو بۆریەکانی خوێن.

٥٠- بڕوا وایە کە لەهەر (٤) چوار هەرزەکار لە جیهانی رۆژ ئاوادا یەکێکیان توش بووە بە نەخۆشیەکی سێکسی، زیاتر

لەوەش (لووی حولیمی) بوە بە زۆرترینو بلاوترین(زۆر بلاوە لەنێوان جۆرە جیاوازە توشبوە گوازراوە سێکسیەکان.

٥١- ڤایرۆسی لووی حولیمی سەرپێست (HPV) ئەبێتە هۆی توش بون بە شێرپەنجەی (دەمو قورگو لێوەکانو ئالوەکان) لەلای پیاوان زۆرتر لە توتنو مەیو کهولیەکان.

٥٢- میکرۆبی هەندێ لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان بۆ نمونە (سفلس) ئەتوانێ بە ویلاشدا تێبپەڕێتو کۆرپە توش بکات کاتێ کەلە ناو رەحمدایە، هەروەها میکرۆبی نەخۆشیەکانیتری وەك (سیلان، هربسی ئەندامی زاوزێ، کلامیدیا، هەوکردنی جگەری ڤایرۆسی جۆری(B) ئەگەری ئەوەی هەیەو لەوانەیە بگوازرێنەوە لە دایکەوە بۆ کۆرپەکەی لەکاتی منالبوندا، بەلام ڤایرۆسی ئایدز ئەگەری ئەوەی هەیەو ئەتوانێت ویلاش ببڕێتو تێبپەڕێت پیایدا لە کاتی دوگیانیو سکبوندا، دواجار منال توش ئەبێت لە کاتی منالبوندا، جیاواز لە هەموو میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکانیتر، کە لەوانەیە بگوازرێتەوە بۆ منال لە رێگەی شیری دایکەوە، هیچکام لەمانە نەخۆشی بۆماوەیی نین، بەلکو نمونەی ئەم حالەتانە نەخۆشی دەستکردنو داهێنراون.

٥٣- ئەگەر هاتوو ژن (ئافرەت)ی توشبوو بە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکانو دوگیان بوو، ئەوا ئامادەیە بۆ منالبونی

پێش وەختە، وپچڕان وشیبونەوەی پەردەی ناوپۆشی ناوەوە پێش کاتی خۆی‌و، هەوکردنی منداڵدان دوای منداڵبوون‌و، لەدایك بونی منالی مردوو، هەروەها منالٚ گیرۆدەی کەمی‌و نزمی کێش دەبێت لە کاتی منالبونداو، هەوکردنی چاوو هەڵئاوسانی ناو چاو(الملتحمه)، هەوکردنی سیەکان‌و، لەناوچون‌و پوکانەوەی دەمارەکان‌و، کوێری (کوێربون)و، نەخۆشیەکانی جگەر.

٥٤- نیشانە زۆر بلاوەکانی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان کە پێك دێن لە: (سوتانەوەو ئازار لە کاتی میز کردندا، هاتنە دەرەوەی دەردراو لە دەرچەی چوك، گۆڕان لە دەردراوی زێ (دامێن) لە ئافرەتتدا، یان دروست بون‌و هاتنە دەرەوەو لێهاتنی بۆنێکی پیسی نامۆی بێزارکەر، برین‌و پەڵەو زیپکەی پێست، ئاوساوی‌و زیادە لە دەورو بەری چوك یان دامێن یان (ڕێکە)، خورانی زۆر توند، سوتانەوەو ئازار لە دەورو بەری چوك یان دامێن یان کۆم، ئازاری توند لە کاتی ئەنجامدانی کاری سێکسی، بونی ئازار لە خواروی سك.

٥٥- هەرچەندە لە (٥) کەسی ئەمریکیدا یەك کەسیان (٢٠٪) توشبون بە ڤایرۆسی هربسی ئەندامانی زاوزێ، کە بەنزیکی لە (٩٠٪) یان نازانن‌و هەست بە توشبونیان ناکەن، هەندێ لە بۆچونەکان (التقدیرات) نزیکیەکان ئاماژە بەوە ئەدەن کە بۆ ساڵی

٢٠٢٥ دا لەوانەیە لە (٤٠٪) ی پیاوان‌و لە (٥٠٪)ی ئافرەتان توشبن.

٥٦- کۆندۆم (نەگەیەن) لە مەترسی‌و ترسناکی توشبون بە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان کەم ئەکاتەوە لە وڵاتانی پێشبینیکراودا، بەڵام بە تەواوی پارێزەرو رێگر نیە، لەبەر ئەوە سێکسێکی سەلامەت‌و دڵنیا نیە، سێکسی سەلامەت‌و دڵنیا تەنها و تەنها لە نێوان هاوسەرانی (ژن‌و پیاو)دا هەیەو دەستە بەر ئەبێت.

٥٧- نەخۆشی سفلس بەم ناوەوە ناونراوەو دراوەتە پاڵ شوانێکی ئیتالی کە پێان ئەوت (Syphilis) خەڵکی لەو کات‌و ساتەوەختەدا باوەڕیان وابوو کە ئەو شوانە مرد بەهۆی نەفرەتێکەوە کە رویدا لەسەری لە شێوەی نەخۆشیەکی نەناسراوو ئاڵۆزو ترسناك، وەك سزایەك بەهۆی ئەو گوناهو تاوانانەی کە ئەنجامی داون، لەو گوناهانەش ئەنجامدانی تاوان‌و کاری بەدڕەوشتی لە شوێنی پیرۆزدا کە کڵێسایە).

٥٨- ئیتالیەکان‌و ئەڵمانیەکان بە (سفلس) ئەڵێن (زهری)، کە ئەم ناوە ناوی (نەخۆشی فەرەنسیەکان)یان پێوتوە، کەچی فەرەنسیەکانیش بەم ناوە ئەڵێن (نەخۆشی ئیسپانیەکان)، هەمویان یەکتری تۆمەتبار ئەکەن، ئەم ئەویترو ئەو ئەمیتر، کە بونەتە هۆی نەخۆشیەکەو سەرچاوەی نەخۆشیەکەن، کەچی

لەهەمان كاتتدا عەرەبیش (ناوو زاراوەی) (نەخۆشی ئیفرنج)ی بۆ بەكار ئەهێنن، واتە سەرچاوەكەی وڵاتی (ئیفرنج)ە، واتە وڵاتە رۆژئاواییەكان، سبحان الله هەمویان بەرانبەرەكانیان تاوانبارو دەستریژ ئەكەن، لەگەڵ ئەوەشدا هەموان شەریكو هاوبەشن بە بڵاوكردنەوەی بەهۆی تاوان كردنو تاوانكاریو نزیك كەوتنەوەیان لە (سێكسی حەرام).

٥٩- مێژوونوسان بڕوایان وایە كە نەخۆشی (سفلس) لە ئەمریكیە ئەسڵیەكان دەركەوتوە لەگەڵ سەرەتای جیهان (سەردەمی نویێ)، كە (كرستوفر كولومبس) بەرپرسە لە گواستنەوەی بۆ ئەوروپاو بڵاوكردنەوەی لەو وڵاتەدا، دوای گەڕانەوەی خۆیو دەریاوانەكەی لە گەشتە بەناوبانگەكەی كە تیایدا ئەمریكای دۆزیەوە.

٦٠- داگیركردن (كارەساتو دەردو بەڵا)ی یەكەم بۆ نەخۆشی (سفلس) لە ئەوروپا، لە كۆتاییەكانی سەدەی (١٥) هەمدا، كۆتایی هێنا بەسەر زۆرێك لە گەورەو پاشاو شازادەو بەناوبانگو ناودار، هەروەها كۆتایی هێنا بەسەر نزیكەی (١٠) ملیۆن كەسدا، دكتۆر (كات رایت) لە كتێبەكەیدا (الامراض والتاریخ) چیرۆكێكی سەرسوڕهێنەری هێناوەو باسكردوە كە رۆڵو كاریگەری هەبوە لە مێژودا بەتایبەتی لەسەر نەخۆشی (سفلس) كە چی كردوە بە گەورە پیاوانی ئەوروپاو توشی چ دەردێكی كردون بە چ دەردێكی بردون.

٦١- بەکارهێنانی باشترین جۆری (نەگەیەن/ کۆندۆم) بە بەردەوامیو بەشێوەیەکی راستو دروست، لەوانە نیەو ناتوانێت رێگری بکات لە توشبون بە میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان بە تەواوەتی، چونکە هەندێکیان دزە ئەکەن، یان ئەچنە ناو جەستەوە لە رێگەی دەمەوە، یان سنگو مەمکەوە، یان لە رێگەی سرنجو دەرزی ئالودەبوانەوە، کە ئەمەمان بەدور درێژی جێگیرکردوەو سەلماندومانە لە باسێکدا بە ناونیشانی (نەگەیەنو خەیاڵو ئەندێشەی سێکسی سەلامەتو دڵنیا)، کە ئەکرێ پێزانینو ئاگاداریتان لەسەری ببێت لە رێگەی ماڵپەڕی ئەلەکترۆنی (پرۆژەی پاراستنی لاوان) (مشروع وقاية الشباب)، یان لە رێگەی گۆڤاری (یەکێتی جیهانی کۆمەڵانی ئیسلامی) ساڵی (٢٠١٤).

٦٢- سێکسی سەلامەتو دڵنیا نیەو بەرقەرارنابێتو دەستەبەر نابێت مەگەر لە نێوان ژنو مێردی دڵسۆزو بەئەمەکدا نەبێت دەست ناکەوێت، ئەوان پێویستیان بە (نەگەیەن/ کۆندۆم) نیە، لەبەر ئەوە بڵاوکردنەوەیو دابەشکردنی ئەبێتە هاندانو برەودان بۆ سێکسی حەرامو یاساغو قەدەغە، بۆیە بەکارهێنانی (نەگەیەن/ کۆندۆم) چارەسەری کاتیو پینە پەڕۆیە، (لایسمن ولا یغنی من جوع) نە ئەوەیە گۆشتی پێبگرنو پێی قەڵەو بنو نە ئەوەشە پێی تێر بن، هەرچەندەو لەگەڵ ئەوەشدا کە لە رۆژئاوا زۆر زەبەندەیە، سەرکەوتوو نەبون لە چارەسەری کێشەو

گرفتەکانی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکانیان، بەڵکو زۆر زیاتر بون.

٦٣- لەگەڵ بونی شێوەی بڵاوبونەوەی سێکسی بێ سنور بەبێ ژیری لە ئاژەڵانداو کەچی توشی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان نابن، بەڵکو توشی مرۆڤ دەبن کە خوای پەروەردگار رێزی لێگرتوەو ئەقڵی پێبەخشیوە، کە نەیداوە بە دروستکراوەکانیتری‌و، پێغەمبەریشی بۆ رەوانەکردوەو، پەڕتوکێکی پیرۆزیشی بۆ دابەزاندوە، بۆ رێپیشاندان‌و رێنمایی کردنی دورخستنەوەی لە قەدەغەکراوەکان‌و، سەرپشکی کردوە بۆ ئەوەی تاقی بکاتەوە، هەر کەسێك ئیشی بە عەقڵی نەکردو پشتی وەرگێڕاو وەرچەرخاندو کاتێ شوێن ئارەزوەکانی کەوت‌و کردیە خوای خۆی، شوێن رێگەو رێچکەکانی شەیتان کەوت (ڕێگەی شەیتانی گرت)، لە بەدڕەوشتی‌و داوێن پیسی‌و مادە هۆشبەرەکان، ئەم نەخۆشیانەو میکرۆبەکانیان لە بۆسەو کەمیندان بۆی، جا ئەو کاتە خەسارەتمەندی دونیاو دواڕۆژ دەبێت، بەڵام ئاژەڵان سەرپشك نەکراون‌و ئەقڵ‌و ژیریشیان نیە، لەبەر ئەوە بەخشراون لە وێنەی ئەم نەخۆشیانە.

٦٤- ناوی راستی‌و تەواوی ئەم زنجیرە نەخۆشیانە بریتە لە (نەخۆشیەکانی (زینا/ بەدڕەوشتی‌و داوێن پیسی، واتە نەخۆشیەکانی (سێکس)ی حەرام‌و یاساغ‌و قەدەغە کە لە

دەرەوەی سنوری هاوسەرگیری (ژن و مێردایەتی) ئەنجام ئەدرێت، ئەنجامدانی هەرکارێکی سێکسی و هەموو هاوسەرەکان (ژن و مێردەکان) کە کرداری سێکسی ئەنجام ئەدەن لەگەڵ ژنەکانیان، بەڵام توشی ئەم نەخۆشیانەش نابن مادام دڵسۆزو بەوەفان بۆ یەکتر، کەواتە سێکس وەکو خودی خۆی پاکەو بەکردنی کەس توشی هیچ نەخۆشیەك نابێت، بەڵام جۆری ئەنجامدانەکەی حەڵاڵ و دروست و رێپێدراوە یان حەرامو یاساغ و رێگە پێنەدراوە، ئەوە هۆکاری سەرەکیە لە توشبون بە نەخۆشیەکان.

٦٥- پرۆفیسۆر (کیفن فنتن) سەرۆکی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی گشتی لە بریتانیا (ساڵی ٢٠١٣) ئاگاداریەك ئەدا لە کارەسات و دەردو سەمەرەی جیهانی کە هۆکارەکەی داوێن پیسان و بەدڕەوشتانن کە کاری یاساغ و ناباو ناسروشت ئەنجام ئەدەن لەبەر ئەوە بڵاو بونەوەی ئایدز زیاد ئەکات جیهانیانە لەنێوانیانداو لە شێوەی ئافەت دەردو بەڵایەك.

٦٦- رێژەی توشبوان لەنێوان داوێن پیسان و بەدڕەوشتان کە کاری یاساغ و ناباو ناسروشت ئەنجام ئەدەن هەشت (٨) ئەوەندەی رێژەی توشبوانن لە نێوان ئەندامانی ئاسایی لە وڵاتە هەژارەکان و بیست و سێ ئەوەندەیە لە وڵاتە دەوڵەمەنەکاندا.

٦٧- بەرزترین ڕێژەی توشبوان لە نێوان داوێن پیسان‌و بەدڕەوشتان کە کاری یاساغ‌و ناباوو ناسروشت ئەنجام ئەدەن لە ولاتە دەوڵەمەنەکاندا، بریتیە لە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

٦٨- سێکسی کۆمی ناباوو ناسروشت‌و یاساغ ئایدز ئەگوازێتەوە هەژدە (١٨) ئەوەندە زیاتر لە سێکسی دامێن/ زێ.

زانستیانە سەلمێنراوە کە چارەسەر ناتوانێت زاڵ بێت بەسەر نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکاندا، بەڵام گۆڕینی ڕەفتارو کردار بەرەو پاکی‌و پاکیزەیی‌و، دورکەوتنەوەی لاوان لە ئەنجامدانی کرداروکاری سێکسی حەرام‌و یاساغ، ئەوە ئەبێتە دەستەبەرو زامنی زاڵبون بەسەر ئەم جۆرە نەخۆشیانە، ئەمەش بەڵگە نیە لەسەر سەرکەوتنی زرق‌و بریقەدارەی کە بەرنامەکە بەدەستی هێناو لە ئۆکەندا جێبەجێی کرد لە ساڵی (١٩٩٢) کە پشتی بەستبوو بە چاکەکاری‌و پاکیزەیی‌و دورکەوتنەوە لە سێکسی حەرام‌و پێش ژنهێنان‌و دوای ژنهێنان، کە دەرەنجامەکەی کە دابەزینی ڕێژەی تازە توشبوان بە ئایدز لە نێوان تەمەنی (١٥-١٩) ساڵ بە ڕێژەی (٧٥٪)و، دابەزینی ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان (٢٠-٢٤) ساڵ بە ڕێژەی (٦٠٪) لە ساڵی (١٩٩٨)دا.

٦٩- (زینا/ بەدڕەوشتی‌و داوێن پیسی، واتە سێکسی کۆم‌و لە ڕێگەی کۆمەوە، سێکسی دەم (لە ڕێگەی دەمەوە)و، مادە هۆشبەرەکان، ئەمانە هەمویان بەرپرسیارن لە (٩٠٪)ی توشبوان

به نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، هەر بۆ زانین ئەنجامدانی هەموو ئەم کارو کردەوانە یاساغو قەدەغەو حەرامن لە هەموو ئاینە ئاسمانیەکاندا.

٧٠- لە بریتانیا ڕێژەی توشبوان بە میکرۆبی سیلان زیادی کرد بە ڕێژەی (١٥٪) لە ماوەی (١٢) مانگدا.

٧١- لە بریتانیا ڕێژەی توشبوان بە میکرۆبی نەخۆشی سفلس زیادی کرد بە ڕێژەی (٩٪) لە نێوان ساڵەکانی (٢٠١٢- ٢٠١٣).

٧٢- بە ڕێوەبەری بەرنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ قەڵاچوکردنو بنەبڕکردنی ئایدز (میتشل سیدییە) بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی ئایدزەوە لە ساڵی (٢٠١٣)دا ئاگاداریەکی بڵاوکردەوەو تیایدا ڕایگەیاند:

١- ساڵانە پێویستمان بە (٢٤) ملیار دۆلار هەیە بۆ لەناوبردنو قەڵاچوکردنو بنەبڕکردنی ئایدز.

٢- ڕێژەی توشبوان بە ڤایرۆسی ئایدز بە ڕێژەی (١٣٪) زیادی کردوە لە ئەورپای ڕۆژ هەڵاتیو ناوەڕاستی ئاسیا لە ساڵی (٢٠٠٦)دا.

٣- توشبوان بە ڤایرۆسی ئایدز بە ڕێژەی (١٠٠٪) زیادی کردوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وباکوری ئەفریقیا لەساڵی(٢٠٠١)دا.

٧٣- زیاد لە (٣٠) جۆر لە بەکتریاو ڤایرۆسو مشەخۆر هۆکاری توشبونی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکانن، ڕاستەوخۆ ئەگوازرێتەوە

**له توشبوەکەوە بۆ کەسی بەرامبەر کە زۆربەی زۆری لە حاڵەتەکانی کاتی (زینا/ بەدڕەوشتی) یان کاری قەومی لوط کاری یاساغو ناباوو ناسروشت سێکس دەم (سێکس لەڕێگەی دەمەوە).**

**٧٤- لە هەموو ساڵێکدا بە لایەنی کەمەوە (٣) ملێۆن هەرزەکار لە هەردوو رەگەز توش ئەبن بە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، بە تەنها لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکادا.**

**٧٥- بەرنامەی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ لەناوبردنو قەڵاچوکردنو بنەبڕکردنی ئایدز لە ساڵی (٢٠٠٧)دا، (٥،٣) سێ ملیارو نیو (نەگەیەن/ کۆندۆم)ی لە جیهاندا دابەشکرد بۆ خۆپاراستن لەم نەخۆشیانە، بەڵام بەداخو کەسەرەوە، ژمارەی توشبوان لەزۆر بوندان.**

**٧٦- زانستیانە سەلمێنراوە کە سونەت (خەتەنە) کردنی نێرینە ئەکرێت رێژەی توشبون بە ڤایرۆسی ئایدز کەم بکاتەوەو دایبەزێنێت بە رێژەی (٦٠٪)، هەر بۆ زانین ئەکرێت ببێتە پارێزەرو قەڵغان لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، بەتایبەتی (ڤایرۆسی هربسو ڤایرۆسی لوی حلیمی سەرپێست).**

**٧٧- دەرکەوتنی زانینودۆزینەوەی راستیەکانی ژمارە (٢٠١٣/١١/١١٠) کە لە رێکخراوی تەندروستی جیهانیەوە دەرچوە بەم شێوەیە (بڕوا وایە) کە رێژەیەکی زۆر گەورە لە توشبوان سەردانی پزیشکەکان ناکەن.**

١- ڕۆژانە زیاتر لە ملیۆنێك كەسی نویٚ توش ئەبن بە یەكێك لە نەخۆشیە گوازراوە سێكسیەكان، كە ئەم ڕێژەیەش تۆماركراوە لە تۆمارگەكانی ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی ساڵی (٢٠١٤) كە (٤٩٩) حاڵەتی نوێیە.

٢- ساڵانە زیاتر لە (٥٠٠) ملیۆن كەس توش ئەبن بە یەكێك لەم نەخۆشیانە: (كلامیدیا، سیلان، سفلس، دەردە المشعرات (موویین/ توكەبەر).

٣- زیاتر لە (٥٣٠) ملیۆن هەڵگری هربسی سێكسین.

٤- زیاتر لە (٢٩٠) ملیۆن ئافرەت ڤایرۆسی (لووی حلیمی سەرپێستیان هەیە).

٥- زۆربەی زۆری توشبوان بیٚ نیشانەن، بەڵام ئەگەری چەند جارەی هەڵگرانی ڤایرۆسی ئایدز سیٚ ئەوەندەو زیاترە.

٦- میكرۆبی بەرهەڵستیو بەرەنگاری بۆ چارەسەرەكان، شێوەیەكی هەڕەشەی جیهانی ترسناكی پێكهێناوە، بەتایبەتی هەندیٚ (نەوە/ وەچە)ی میكرۆبی سیلان، هەر بۆ زانین كە (١١٪)ی ڤایرۆسەكانی ئایدز ئێستا بەرەنگاریو بەرهەڵستی ئەكەن لە دەرمانە بەكارهاتوەكان.

٧٨- نەخۆشیە گوازراوە سێكسیەكان وا پۆلێن ئەكرێن كەوا نەخۆشیەكی هەڵبژاردەین (نەسەپێنراوە بەسەر مرڤدا بە زۆر مەگەر بە دەگمەنو چۆنها، بەڵام مرۆڤ خۆی هەوڵی هۆكارەكانی ئەداتو

**بەو شوێنیا ئەگەڕێ (بەدڕەوشتیو داوێنپیسیو سێکسی ناسروشتو نابەوو نامۆ) بە ئارەزویەکی یاساغو قەدەغەکراوو بەویستو خواستی خۆی، هەر بۆ زانین کە ئەقڵو ژیریو نەقڵو (بیرسا/ لۆژیك) هەمویان هەوڵ ئەدەن قەناعەتی پێ بکەن بە هەڵەی رەفتارو رەوشتەکەی، بەڵام خۆی رەفتارو رەوشتە یاساغو قەدەغەکراوەکە هەڵئەبژێرێ بۆیە ئەکەوێتە ئەم نەخۆشیانەوەو توشی ئەم نەخۆشیانە ئەبێت، لەم بارەیەشەوە خوای پەروەردگار پێمان ئەفەرموێ** ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّبِعُواْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِۚ وَمَن يَتَّبِعۡ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيۡطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأۡمُرُ بِٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ ﴾ نور/٢١.

**هەروەها لە ئایەتێکیتردا ئەفەرموێ** ﴿ وَٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيۡكُمۡ وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلشَّهَوَٰتِ أَن تَمِيلُواْ مَيۡلًا عَظِيمًا ﴾
النساء: ٢٧

**٧٩- هەموو ئەو هەوڵانەی کە دراون بۆ بەرهەمهێنانی کوتانێك دژی نەخۆشی ئایدزو هەندێ لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، هەرهەمویان سەرکەوتوو نەبون تا ئەم ساتە وەختەش، هەرچەندە لەپێناوو بۆ ئەم توێژینەوانە بە ملیارەها دۆلار خەرجکراوە، زانایان بون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان بەردەوامن لەسەر ئەم توێژینەوانە تا بگەنە دەرەنجامێك، بەشی دوەمیشیان رایان وابو بینیان پێویست بەم هەموو هەوڵو ماندووبونە ناکات بەم شێوەیە، بە**

بەڵگەی ئەوەی کە پاراستنو پارێزگاری لاوان بە دۆزینەوەو دروستکردنی کوتان نیە، بەڵکو بە چاك پەروەردەکردنو رۆشبیرکردنیانو هاوسەرگیری کردن بۆیان دەبێت، دوای ئەوە گریمان ئەوا کوتانیش دۆزرایەوەو دروستکرا ئایا بیدەینە گەنجو لاوەکانو پێیان بڵێن ئیتر چی ئەکەن بیکەن ئێوە پارێزراونو توشی هیچ نەخۆشیەك نابنو، ئایا داوێن پیسیو بەد خوویی تەنها بە هۆی ئایدزەوە حرامو یاساغە؟!!...

بۆیەو لەبەر ئەوە ئێمە لەگەڵ پەروەردە کردنو هاوسەرگیری لاوانین، چونکە تەنها ئەوە چارەسەری فیتری راستو دروستە نەك هیچیتر.

پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) لەم بارەیەوە ئەفەرموێ، (یامعشر الشباب من استطاع الباءة فلیتزوج فانه اغض للبصر واحسن للفرج ومن لم یستطع فعلیه بالصوم فانه له وجاء) بخاری گێڕاویەتەوە.

٨٠- لە رۆژئاوا بە زمانی خۆیان ئەڵێن: ( God created Adam and Eve not Adam and Steve)

واتە: خوای گەورە ئادەمو حەوای دروست کرد، نەك ئادەم و(ستیڤ)، واتە نێرو مێی دروست کرد نەك دوو نێر یان دوومێ، واتە پەیوەندی تەواوکاریو سروشتیو راستەقینە تەنها لە نێوان نێرو مێدایە، کەواتە داوێن پیسیو بەدڕەوشتی واتە کرداری

قەومی (لوط) یان (پانیٚ بەپانیٚ)، لە فیترەتەوە نیە، ئەو فیترەتەی کە خوای گەورە خەڵکانی لەسەر دروست کردون، بەڵکو کارێکی دروستکراوەو بەرهەمی ژینگەی ناتەواوو نادروستە، کە شەیتان‌و دارودەستەکەی (دەست‌و پێوەندەکەی) لە مرۆڤەکان پشتیوانییان لێئەکردو، ناویان نا بە ناوێك کە خوای گەورە هیچ دەسەڵاتێکی پێنەبەخشیوەو داینەبەزاندوە (هاوڕەگەزی‌و هاوشێوەیی).

هەتا قەومەکەی (لوط) گەڕایەوەو بەڵام ئەم جارەیان لە شێوەی بەرگێکی نوێدا دەرکەوت!!...و چیرۆك‌و سەرگوزشتەی قەومی لوط کە باسکراوە بۆ پەند لێوەرگرتن‌و ئامۆژگاریە، کە لە قورئانی پیرۆزدا زیاتر لە (١٠٠) ئایەت هاتوە، ئەوە بوو کۆتاییەکەیان بە لەناچوون‌و وێنرانبوون‌و سووتانی لاشەکانیان‌و بەبەردبوونیان لە بەرەبەیانێکی زووی باوکە شەیتانەکەیان!!.

ئایا جیهانی ئەمڕۆ سەلامەت ئەبێت لە خراپەو شەڕو ئاژاوەو زیانەکانیان؟، باوەڕ ناکەم شتی واهەبیٚ کەس لە شەڕو خراپەو تاوانیان دەرچێت‌و رزگاری بێت، لەبەر ئەوە ئاگادارکردنەوەکان زۆرن‌و راستەقینەکان گەورەن‌و پێشبینی بە شەڕو خراپە یەك لە دوای یەکەکان ئەکەن، کە هیچ لە دوای خۆیدا بەجیٚ ناهێڵێت‌و نامێنێتەوە، ئەو کاتە خەڵکی پەشیمان ئەبێتەوە، بەڵام دوای چی کاتێك کە پەشیمانی دادیان نادات، بۆیە خوای پەروەردگار لە

قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ ﴿ وَٱتَّقُواْ فِتۡنَةً لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمۡ خَآصَّةٗۖ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٢٥ ﴾ الأنفال: ٢٥

٨١- له یەکەم لێدوانی سەرۆکی بەرنامەی بنەبڕکردنو لەناوبردنو نەهێشتنی ئایدز له نەتەوه یەکگرتوەکان بەڕێز (میتشل سیدییه) ئەڵێ:

پێویسته کار بکەین بۆ ئەوەی وابکەین له ئایدز وەك هەلێکی سیاسی لێبکەین تاوەکو بتوانین له ڕێگەیەوه گۆڕینی سەرەکی له کۆمەڵگەکاندا روبدات، بۆ ئەوەی بتوانین چارەسەری هەندێ کارو بابەتی ئاڵۆزو شێواوو دڕکاوی بکەین بەتایبەتی بابەتی رۆشنبیری سێکسی بۆ ئەوەی زیاتر ئازادی بدرێت به (ڕەوشت نامۆو ناباو ناسروشتەکانو، ئەنجامدانی کاره سێکسیەکەیان دابنرێت به مافێك له مافەکانی مرۆڤ.

٨٢- بابا (بندکت)ی شانزه، لێدوانی داو وتی که به راستی سێکسی نامۆو ناباو ناسروشت ئەبێته هۆی له ناوبردنی سێکسی مرۆیی (سێکسی مرۆیی لەناو ئەبات)، هەروەها بەهەمان شێوه سەرۆك وەزیران که پیاوی دوەمه له ڤاتیکان ئەویش لێدوانی دا که گوزارشت بوو لەو خورپەو داچڵکاندنەی که توشی هات به بڕیارەکەی ئیرلەندا که تیایدا رازی بوو به هاوسەرگیری دوو رەگەزی وەك یەك هاوشێوەو هاوڕەگەزو پارێزگاری لێکردنی

**بە یاسا لە ساڵی (٢٠١٥)دا، کە لیّدوانەکەی سەرۆك وەزیرانو پیاوی دوەمی ڤاتیکان ئەمەردەقەکەیەتی (بڕیاردان ودان نان بە هاوسەرگیری دوو رەگەزی وەك یەك هاوشیّوەو هاوڕەگەز) روخان وتیّکشکانو دۆڕاندنی مرۆڤایەتیو قیەمو بەهاو رەوشتی مرۆڤایەتیە نەك تەنها قیەمو بەهای مەسیحیەت، بۆیە خوای پەروەردگار راستی فەرموە کاتێ کە وەسفو باسیان ئەکات بە خراپە کاران وبەدڕەوشتان کاتێ لەسەر زمانی پێغەمبەر لوط ئەفەرموێ** ﴿وَلُوطًا إِذْ قَالَ لِقَوْمِهِۦٓ إِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلْفَٰحِشَةَ مَا سَبَقَكُم بِهَا مِنْ أَحَدٍ مِّنَ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٢٨﴾ أَئِنَّكُمْ لَتَأْتُونَ ٱلرِّجَالَ وَتَقْطَعُونَ ٱلسَّبِيلَ وَتَأْتُونَ فِى نَادِيكُمُ ٱلْمُنكَرَ ۖ فَمَا كَانَ جَوَابَ قَوْمِهِۦٓ إِلَّآ أَن قَالُوا۟ ٱئْتِنَا بِعَذَابِ ٱللَّهِ إِن كُنتَ مِنَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿٢٩﴾ قَالَ رَبِّ ٱنصُرْنِى عَلَى ٱلْقَوْمِ ٱلْمُفْسِدِينَ ﴿٣٠﴾﴾ العنكبوت: ٢٨ - ٣٠

**٨٣- هەندێ لە جولەکەکانو ئەوانەش کە لاسایی ئەوان ئەکەنەوە بانگەشەی ئەوە ئەکەنو ئەڵێن هۆکاری سیّکسی ناسروشتو نامۆو ناباو بریتیە لە بونی جیناتیّك (کە بۆماوەی)یە لە رەوشت ناسروشتو نامۆو ناباوەکاندا، لەبەر ئەوە پیّویستە کە لۆمەی نەکریّتو سزاش نەدریّت لەسەر رەفتارو رەوشتیو، دوای ئەم بانگەشە ناڕەوایە هەستان بە بلاّوکردنەوەی پەڕەی زانستی**

ئەنجامدانی توێژینەوە بەتایبەتی لە ئوسترالیا لە لایەن زانایانی نا موسڵمانەوە، ئەوە بوو ئاکامی توێژینەوەکان زانستیانە دەرکەوت کە بانگەشەکەیان ناڕەواو درۆ دەرچوو زۆر دورە لە راستیەوە، بانگەشەکەیان بەدرۆ خستنەوە لەژێر ناونیشانی، نەمانو هەرەسهێنانی بیردۆزەکەی جیناتی (ڕەوشت ناسروشتو ناباوو نامۆ)و، لە گۆڤاری (بوستن قلوب العالمیە)دا بڵاوی کردەوە لە ساڵی (١٩٩٩) دا تیایدا هاتووە: کەوا هیچ یەکێك لە زانایانو خاوەن توێژینەوە تایبەتەکان ناڵێنو نەیانوتوە کە ناسروشتو ناباوو نامۆ بۆماوەییو میراتیەو هۆکارەکەشی جیناتێکی دیاری کراو تایبەتە بە جۆرێك بەهۆیەوە ناسروشتو ناباو نامۆیەك لەدایك ببێت لە ناسروشتو ناباو نامۆیەك.

که کۆمەڵێك راو بۆچوونی کۆکردەوە لە کەسانی خاوەن پسپۆڕیو کە ئەمە بە درۆ ئەخەنەوەو، راستییەکی شێواویان خستەڕووو لە راگەیاندنەکانداو هەڵیانگێڕایەوەو ئاوەژوویان کردەوەو، قسەو باسو بابەتێکی نازانستییانەو بێ بەڵگەیان بڵاوکردەوە.

هەروەها بەو جۆرە بیردۆزەکە بوو بە بیردۆزێك کە بە ناسروشتو ناباوو نامۆ)یی لەدایك ببێت، کە بە تەواوی بەتاڵ کرایەوەو بە درۆ خرایەوە بە سەلماندنو بە بەڵگەی زانستی لەلایەن کۆمەڵێك خاوەن پسپۆڕی تایبەتی ناموسڵمانەوە لە

**هەموو شوێنە جیاجیاکانی جیهانەوە، هەر بۆ زانین هەندێ لە کتێبەکان کە گوایا سێکسی ناسروشتو ناباو نامۆ میراتیو بۆماوەییە، کە ئەمە شكو گومان دروست ئەکاتو تانەو تەشەرە لە ئیسلام ئەدات، بە شێوەیەك کەوا لە خوێنەر بکات کە حەیران ببێتو سەری لێبشێوێتو پرسیار بکات، چۆن سنور دانراوە لەسەر خەڵکانێکی بێتاوانو ئازادو سەربەست رەوشت ناسروشتو ناباوو نامۆکان کە هیچ گوناهو تاوانێکیان نەبێت، لەبەر ئەوەی بەشێوەی رەوشت ناسروشتو ناباوو نامۆو لەدایکبون کە بە ویستو خواستی خۆیان نەبوەو لەدەرەوەی سنورو چوارچێوەو بازنەی ویستی ئەواندا بووەو، پرسیار ئەکەن ئەی کە وایە بۆچی خوا سزای قەومی لوط ئەدات کە بە (شاذین) دروستی کردون، ئەمەش هەر مەبەستیانە وابێت نەك تەنها بۆ بڵاوکردنەوەی فاحشە، بەڵکو بۆ ئەوەی خەڵکی شكو گومانی هەبێت لە بیرو باوەرو لە ئیمانەکەیو لە خوای پەروەردگار (بۆ دروستکردنی شكو گومان لای خەڵکی سەبارەت بە بیرو باوەڕو بە ئیمانو بە خوای پەروەردگار)، (سبحانه وتعالی عما یقولون علوا کبیرا) الإسراء/٤٣،**

**(واتە ستایش وپاکیوبڵندی بۆ ئەو پەروەردگارەیە (کە ئەو نەفامانە دەربارەی ئەوهەموناڕەوایە دەڵێن)و ئەوزاتە زۆربەرزو بڵندوگەورەترە لە بۆچونی ئەوان.**

٨٤- له (٢٠١٥/٥/١٥) سەرۆك وەزیرانی لوكسمبورگ (كزافیل بیتیل) هاوڕێكەی (غوتیه دستیناى) مارەكردو كردیه ژنی خۆی، هەروەها گرێبەستی هاوسەرگیری سەرۆكی شارەوانی شاری لوكسمبورگ ژنه (لیدی بولفر) ئەنجام درا، به ئامادەبونی سەرۆك وەزیرانی بەلجیكای لیبرالی (شارل میشال) كه پشتیوانی ئەم قسەیەی كردو وتی:

لوكسمبورگ پێشەنگو پێشرەوە له كیشوەری ئەورپادا له ئازادی كەسێتیداو، هەر ئەویشه كه ئەتوانرێ بكرێته نمونه بۆ جێبەجێ كردنو بەدەستهێنانی مافەكانی مرۆڤ.

# نەخۆشییە گوازراوە سێکسییەکان
## (پرسیار و وەڵام)

# نەخۆشییە گوازراوە سێکسییەکان

## (پرسیارووەڵام)

**پ ١/** ئایا مرۆڤ ئەتوانێ هەمیشە بزانێ و ئاگادار بێت بەوەی، کە توشی یەکێ لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیە کان بوە؟

**وەڵام:** نەخێر.. ناتوانێت، چونکە هەندێ توشبوون و هیچ نیشانەیەکیشیان لێدەر نەکەوتوە (بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکیشیان لێدەرکەوێ)، بەتایبەتی لە ئافرەتاندا چونکە ئەندامەکانی زاوزێیان ناوخۆین، لەگەڵ ئەوەشدا، پیاوانیش بەهەمان شێوە توشبون بە هەندێ لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان وەك (کلامیدیا) کە هیچ نیشانەیەکیان لێدەرناکەوێت، هەروەها خەڵکانی توشبوو بە ڤایرۆسی ئایدز، بەهەمان شێوە هیچ نیشانەیەکیان لێدەرناکەوێت، بەگشتی لە هەندێ کاتتدا هیچ نیشانەیەکیان لێدەرناکەوێت، کە بۆی هەیە ئەم کاتە درێژە بکێشێ و بگاتە (١٠) ساڵ دوای توشبون.

**پ٢/** ئایا ئەگەری ئەوە هەیەو ئەکرێ کەسێك بە بەکارهێنانی چارەسەری پزیشکی گونجاو لەهەموو نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان چاك ببێتەوە ؟

**وەڵام/** نەخێر.. نەخۆشی (هربس)ی سێکسی وبالوکەی ئەندامی زاوزێ ونەخۆشی ئایدز، هەموو نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، کە هۆکارەکەیان ڤایرۆسە، لەم کاتەو لە ئێستادا ئەگەری ئەوەیان

نیه ولەوانە نیە کە نەخۆشییە گوازراوەکان چاك ببنەوە، لە بەرئەوەی تاوەکو ئێستاش هیچ دەرمان وچارە سەرێکی سەرکەوتوو نەبوەوودەرنەچوە، تەنانەت نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان کەچارە سەریان هەبێت، تائێستا مرۆڤایەتی نەیتوانیوە بەسەریدا زاڵ بێت بەهۆی هەندێ هۆکارە وە لەوانە:

١- سەردانی پزیشك ناکەن بۆ وەرگرتنی چارەسەر تەنها ژمارەیەکی کەم نەبێت، تەنها لە (١٠٪)ی ئەونەخۆشانە سەردانی پزیشك ئەکەن، هەروەك لە حاڵەتی (سیلان) دا دەرئەکەوێ کە (ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی) یاداشتی کردوەوئاماژەی پێداوە، لەبەر ترسی ئاشکرا بونی کارە گەندەڵیە کانیان ودورکەوتنەوەی هاوڕێ کچ و کوڕەکانیان لێیان.

٢- هەندێك میکرۆبی ئەم نەخۆشیانە وایان لێهاتوە بەرگری پەیدا بکەن بەرامبەر ئەو چارەسەرانەی کە بەکار دەهێنرێن (واتە میکرۆبەکان بەرگریان پەیدا کردوە دژی چارەسەرە بەکارهاتوەکان).

٣- هەندێك لەم نەخۆشیانە نیمچە بێدەنگ ومتن، نەخۆش هیچ هەستیان پێناکات مەگەردوای ئاڵۆز بونی بارەکە وگرانی وقورسی چارەسەرەکەی.

پ٣/ ئایا نەگەیەنی نێرینە (کۆندۆم) زەمانەتێکی گرنگ‌و کاریگەرە دژی بڵاو بونەوەی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، ڕێگرو بەربەستە بەرامبەر نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان ؟.

وەڵام/

نەخێر... بەڵکو دورکەوتنەوە لە سێکسی حەرام (یاساغ‌و قەدەغە کراو) باشترین هۆکارو بۆ بەرگری‌و ڕێگری کردن لە بڵاوبونەوەی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، بەڵام نەگەیەن (کۆندۆم) ڕێگری‌و بەرگری‌و ڕۆڵی زۆر کەم دەبینێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ سەلامەتی دڵنیایی یەکی تێدا نیە، بۆیە باشترین هۆکاری کاریگەرو دڵنیاو سەلامەت (١٠٠٪) تەنهاو تەنها بریتیە لە دور کەوتنەوە بەگشتی لە سێکسی حەرام (یاساغ‌و قەدەغە کراو)، لەیادمان نەچێت کە هەندێ لە نەخۆشە گوازراوە سێکسیەکان، لەوانەیە‌و ئەکرێ‌و (ئەگونجێت) بڵاو ببنەوە لە ڕێگەی سلوك هەڵس‌و کەوتە سێکسیە ناجوتبون وناسەرجێیەکان، ئەویش تەنها بە دەست هێنان لە شوێنە توشبوەکە، بۆ نمونە ئەگەر هاتوو شوێنەکە ران بوو تووش هاتبوو بە (بالوکەی ئەندامی زاوزێ) یان برینی (هربس)، بۆیە ئەگونجێت نەخۆشیەکە بگوازرێتەوە بۆ کەسی هاوەڵ‌و بەرامبەر، ئەگەر دەستی دابێتە شوێنە توشبوەکەوە، هەروەها لەوانەیە‌و ئەگەری ئەوەی هەیە بشگوازرێتەوە بۆ دەم‌و چاوو کۆم.

**پ٤/ ئایا نەگەیەن (کۆندۆم) دڵنیایی‌و سەلامەتی نیە بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان؟**

**وەڵام/**

**بەڵێ نەگەیەن سەلامەت‌و دڵنیایی نیە لە خۆپاراستنی لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان؟ لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە:**

**١- ئاسایی توشی لەناو چون ئەبێت (ئامادەیە بۆ لەناوچوون‌و خراپ بون‌و بێکەڵکی بەشێوەیەکی دووبارە بوونەوە).**

**٢- لە کاتی جوتبون‌و سەرجێیدا لائەچێت‌و ئەکەوێت ئەخزێت (دائەکەنرێت‌و دائەماڵرێت).**

**٣- پارێزگاری ناکات (ناپارێزێت) لە نەخۆشی (بالوکەی ئەندامی زاوزێ)، کە لە ناوچە (شوێن)ەکانی ئەندامەکانی زاوزێ‌و سەرووی رانەکان گەشە ئەکات‌و ئەژی، کە ئەم شوێنانە بە نەگەیەن دانەپۆشراون، ئەی چی لەم شوێنانە ئەکرێت.**

**٤- نەگەیەن دروستکراوە لە پێستی مەر دروستکراوە کە بە تەواوی‌و هەرگیز کاریگەر نیە، چونکە (ئەو رۆڵە گرنگە نابینێ کە (پارێزگاری‌و پاراستنە) لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان.**

**٥- میکرۆبی ئەم نەخۆشیانە لەوانەیە‌و ئەگەری ئەوەی هەیە کە لە رێگەی دەمەوە (سێکس بەهۆی دەمەوە) بگوازرێتەوە.**

پ ٥/ ئایا ئەو میکرۆبانەی کە ئەبنە هۆی نەخۆشیە گوازراوە سێکس یەکان، ئەگەری ئەوەیان هەیە بچنە ناو جەستەو لەشەوە تەنها لە ڕێگەی (مهبل/ زێ) ئەندامی زاوێی خانمان/ مێ، یان (چوك)ی نێر/ پیاوان؟.

وەڵام:/

نەخێر... بەکتریاو فایرۆسی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان، لەوانەیەو ئەگەری ئەوەیان هەیە کە بچنە ناو جەستەو لەشەوە لە ڕێگەی هەر (غشاء المخاطی)/ (ڕوپۆشەپەردەیەکی ریشاڵی لینج)ەوە بێت) لەوانەش (ڕوپۆشەپەردەی (مهبل/ ئەندامی زاوزێ/ زێ)ی خانمان/ مێ، یان (چوك)ی نێر/ پیاوان، کۆم، دەمو، لە هەندێ حاڵەتیشدا لە ڕێگەی چاوەوە، هەروەها لەوانەیە ڤایرۆسی ئایدز بچێتە لەشەوە بۆ بۆڕیەکانی خوێن، ئەگەر هاتوو سرنجو نیدڵ (دەرزی)ی پیسو بەکارهاتوو بەکار برا لە ڕێگەی دەمارەوە (بەتایبەتی لەو کەسانەدا کە مادەی هۆشبەر بەکار ئەهێنن).

پ٦/ ئایا ئەکرێو ئەگونجێت هەرزەکاران پشکنین بۆ نەخۆشیە گوازراوە سێکسییەکان ئەنجام بدەنو، چارەسەریش وەربگرن بەبێ ئەوەی دایكو باوك پێیان بزانن.؟

وەڵام/

بەڵێ... ئەکرێتو ئەبێت کەوا هەرزەکاران پشکنین بکەن بۆ نەخۆشیەکانیانو چارەسەریش وەربگرن، چونکە ئەمە بەرزترین

پلەی تایبەتمەندیانە (مافی خۆیانە)، لە ڕێگەی نۆرینگەی تایبەت بە نەخۆشیە گوازراوە سێکسییەکانەوە پشکنین‌و چارەسەر وەربگرن‌و، هەندێ پشکنین‌و چارەسەری دیاریکراو زۆر نهێنی هەیە بۆ ئەوانەی کە تەمەنیان لە (١٤) ساڵ‌و بەرەو سەرەوەیە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، هەر بۆ زانین زانیاریە تایبەتەکان دەست ناکەون شاراوەن مەگەر بۆ کەسی پەیوەندیدارو سەرپەرشتیاری پزیشکی، کە پیشکەشکردنی ئەم خزمەتکردنەش بەخۆرایی‌و بێبەرامبەرە، یان بە نرخێکی زۆر هەرزان بۆ هەرزەکاران‌و هەژاران دابین ئەکرێت.

**پ٧/ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە توشبون بە نەخۆشیە گوازراوە سێکسییەکان ببێت، لە ڕێگەی (سوڕی مانگانەوە، یان تەوقەکردن لەگەڵ (نەخۆش/ توش)بودا، یان ڕۆیشتن‌و پیادەرەوی لەگەڵیدا، یان قسەکردن‌و وتوێژ لەگەڵیدا.**

**وەڵام/**

نەخێر... ئەگەری ئەوەی لێ ناکرێت، چونکە میکرۆبەکانی ئەم نەخۆشیانە ناگوازرێنەوە بەو ڕێگایانە مەگەر تەنها لە ڕێگەی شێوەیەك لە شێوەکانی ئەنجامدانی کاری ڕاستەوخۆی سێکسی، یان لە ڕێگەی دەرزی لێدانەوە بە (سرنج‌و نیدڵی پیس‌و چەند جار بەکار هاتوو).

پ٨/ ئایا نەخۆشیە گوازراوە سێکس یەکان گرفتو کێشەی پزیشکی تازەو نوێن .

وەڵام/

ئەم نەخۆشیانە لەرووی شوێنی دەسپێکردنیو سەرەتاکانیانەوە تازەو نوێ نین، جاران لە پێشدا پێنج (٥) جۆر نەخۆشی بون لەو کاتو سەردەمەدا پێیان ئەوترا (نەخۆشیەکانی زهری)، بەڵام ئەوەی تازەیە لە باسەکەو لە بابەتەکە ئەوەیە کە ژمارەیان زۆرە (بریتیە لە زۆری ژمارەی نەخۆشیەکان) کە بە راستی ئیستە گەیشتۆتە دە (١٠) هێندەی پێشووتریان، هەروەها ماوەی بڵاوبونەوەیان کە ئەویش بە جۆرێك تێکڕایان زیادیان کردوەو زیاد کردنێکی زۆرو چەند جارە، تەنانەت توشبوان ساڵانە ژمارەیان ئەگەیشتە (٥٠٠) ملیۆن توشبوو، بۆیە ئەمە کیشەیەکی کۆنو نوێو تازەیە، پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ)پێش چەند سەدەیەك لەو کاتەدا فەرمویەتی (ماظهرت الفاحشة (الزنا) في قوم قط یعمل بها فیهم علانیة الا ظهر الطاعون والاوجاع التی لم تکن في اسلافهم...) حاکم ریوایەتی کردوەو گێڕاویەتەوە.

پ٩/ ئایا ئەم نەخۆشیە گوازراوە سێکسیانە ئەبنە هۆی کێشەو گرفتی تەندروستی ترسناك‌و مەترسیدار؟ ئایا ئەگونجێت ببێتە هۆی مردنی نەخۆش؟

وەڵام/

بەڵێ... ئەکرێ‌و ئەگونجێت ئەم نەخۆشیە گوازراوە سێکسیانە، ببنە هۆی دروست بونی (ماك، تەشەنە کردن، دەرەنجامی خراپ، لێپیسکردن)ی تەندروستی ترسناك، بۆ نمونە نەخۆشی ئایدز (لەوانەیە کۆئەندامی بەرگری (المناعە) تێك‌و پێك بشکێنێ‌و ببێتە هۆی مردنی خاوەنەکەی، هەروەها ڤایرۆسی (بالوکەی ئەندامەکانی زاوزێ) کە ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە هۆی (شێرپەنجەی ملی منداڵدان) دواتر مردن بە دوایدا بهێنێت‌و، هەندێکیتر لەم نەخۆشیانە ئەبنە هۆی کوێری (کوێربون) وەك نەخۆشیەکانی (هربسی سێکسی‌و سیلان)و، هەندێکیتریان ئەبنە هۆی نەزۆکی وەك نەخۆشیەکانی (کلامیدیاو سیلان)و، هەندێکیتریان ئەبنە هۆی لەناو بردنی خانەکانی مێشك دوای ئەوە مردن چاوەڕێی دەبێت، وەك نەخۆشی (سفلس).

پ ١٠/ ئایا ئەوانەی کاری سێکسی (زێ، دامێن)و، کۆم‌و دەم) ئەنجام ئەدەن، ئایا تەنها بەم نەخۆشیە گوازراوە سێکسییانە توش ئەبن.؟

**وەڵام/**

نەخێر... چونکە لەوانەیە منداڵان توش بن لە دایکیانەوە لە ڕێگەی (سکپڕی) دوگیانیەوەو لە کاتی مناڵبونیشدا، هەروەها ڤایروسی ئایدز ئەگوازرێتەوە بە هۆی دەرزی لێدانەوە لە ڕێگەی دەمارەوە بە تایبەتی لە نێوان کەسە ئالودەبوەکاندا، تەنانەت لە نێوان ئەو کەسانەی کە هەندێ کاری سێکس یاساغو قەدەغەکراوو ناشەرعی پێش جوتبوون ئەنجام ئەدەن، لەوانەیە هەندێ لەم نەخۆشیانەیان بۆ بگوازرێتەوە.

**پ ١١/** ئایا هیچ زەرەرو زیانێك دێتە ئاراوە (دێتە گۆڕێ) دەبێت، لە دواخستنی پشکنینو چارەسەر وەرگرتن دوای هەست کردن بە توشبونی نەخۆشیە گوازراوەکان.

**وەڵام/**

بەڵێ... لەبەر ئەوەی چونکە میکرۆبی نەخۆشیەکە لە کاتی (دوابەدوای) چونە ناوەوەو چونە ژورەوەی بۆ جەستە (لەش)، ڕاستەوخۆ دەست ئەکات بە خراپکردنو وێرانکردنو لەناوبردنو زیانگەیاندن بە تەندروستی توشبوەکە (نەخۆشەکە)، جا ئەگەر هاتوو لەم حاڵەتەداو (لەم ساتە وەختەدا)، دەست نیشانکردن (دیاری کردن)و دۆزینەوەو چارەسەر کردن دواکەوتو پشتگوێ خرا ئەوا خراپکردنو زیانگەیاندن بە تەندروستی توشبوەکە (نەخۆشەکە)، فراوانترو گەورەتر دەبێت، هەتا دێت باری

نەخۆشەکە بەرەو خراپبون ئەڕوات ئیتر مەحاڵە چارەسەریشی بکرێت، هەروەها لەوانەیە دەوروبەرەکەیو کەسانیتریش ئەزیەتو ئازار بدات بە گواستنەوەی نەخۆشیەکەی بۆیان بەبێ ئەوەی خۆیشی بزانێو هەستی پێبکات.

پ١٢/ ئایا شۆرینی ئەندامی زاوزێی نێرو مێ راستەوخۆ دوای کرداری جوتبوون سێکس، یارمەتی دەرە لە نەهێشتنو بەرهەڵستی کردنو رێگری کردنی توشبون لە هەندێ لەم نەخۆشیانە.؟

وەڵام/پاكو خاوێنیو پاكژیو شۆرین بە تەنها نابێتە رێگرو بەرهەڵستو بەربەست، خۆی بە تەنها رێگری ناکات لە توشبونی نەخۆشیەکان، بەڵکو لەگەڵ لابردنی دەردراوە شلەمەنیە لینجو پیسبوەکان (ملوث)، لەوانەیە ئەگەری توشبون بە نەخۆشیەکان کەم بکاتەوە، بەتایبەتی هەندێ میکرۆبی پەیوەستو پەیوەندیداری وەك (میکرۆبی سفلس) بۆ نمونە، کە زۆر هەستیارە، هەر بە بەرکەوتنی ئاو یان هەوا راستەوخۆو دەست بەجێ ئەمرێت.

پ ١٣/ئایا ئەگەری توشبون بەم نەخۆشیانە هەیە لە رێگەی ماچ (ماچکردن)ەوە..؟

وەڵام/بەڵێ... ئەگونجێو ئەگەری هەیە بۆ هەر یەك لە میکرۆبی (سفلس، هربس، ئایدز، (قرحة الرخوة/ برینی خاو وشل)، لوو (گرێ/ ئاوساو)ی حولیمی، بگوازرێنەوە لە رێگەی ماچ (ماچکردن)ەوە.

**پ١٤/** ئايا سێكسی دەمی (لە ڕێگەی دەمەوە)، سەلامەت‌و دڵنیایە لە گواستنەوەی ئەم نەخۆشیانە.؟

**وەڵام/** نەخێر... هەرگیز شتی وا نیە سەلامەت‌و دڵنیابێت، چونكە سێكسی دەمی (لە ڕێگەی دەمەوە) ڤایرۆسی (ئایدز، سفلس، سیلان، هربس، بالوكەی ئەندامی زاوزێی نێرو مێ) ئەگوازێتەوە، كە ئەبێتە هۆی دروست بونی شێرپەنجەی دەم‌و قورگ (گەروو).

**پ١٥/** ئايا ئەگونجێت بۆ كەسێك لەماوەی (٢-٥) ڕۆژدا لە خۆوە بە خۆی بزانێ كە توشی ئەم نەخۆشیانە بوە (كە توش بوە بەم نەخۆشیانە).

**وەڵام/**

نەخێر ناگونجێت بۆ كەسێك هەر لە خۆوە بەخۆی بزانێت كە توش بوە بەم نەخۆشیە، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە میكرۆب‌و بەكتریاكانی ئەم نەخۆشیانە، هیچ نیشانەیەكی لێ دەرناكەوێت تەنانەت هەندێ جار تا ماوەی مانگێك‌و بگرە تا ساڵكیش هیچ نیشانەیەك بە دیار ناكەوێت، تەنها لە حاڵەتی توشبون بە نەخۆشی (سیلان)، كە دوای (٣-٧) ڕۆژ نیشانەی نەخۆشەكە دەرئەكەوێ، ئیتر لەو حاڵەتەدا نەخۆش ئەزانێ كە توشی نەخۆشیەكە بوە.

**پ١٦/** ئایا ئاگادارکردنەوەو هەواڵدانت بە هاوڕێ (شەریکە سێکسیەکەت)، گرنگترین کارێکە کە بیکەیت دوای ئەوەی کە واتزانی توش بویت بە یەکێ لەم نەخۆشیانە.؟

**وەڵام/**

نەخێر... لەگەڵ ئەوەشدا راستە هەواڵەکە پێویستە، بەڵام گرنگترین شتێك کە بیکەیت بریتیە لە (دوابەدوای ئەوەی کە واتزانی توشبویت ئەبێت راستەوخۆ پشکنین ئەنجام بدرێتو، ئەبێت چارەسەری تەواو بەدەست بهێنرێت ئەگەر دڵنیا بویت کە توشبویت، چونکە نیشانەکانی ئەم نەخۆشیانە بە هیچ شێوەیەك دەرناکەون، یان دوای ماوەیەکی کورت هەر لەخۆوە بەبێ چارەسەر دیار نامێنن، بەڵام (بەکتریاو میکرۆبەکان) لە جەستەو لەشدا ئەمێننەوە، کە ئەبنە هۆی ئەوەی (کێشەو دەردی سەری) راستەقینە لە زیانو زەرەرو خراپ بونی جەستەیی دروست بکەن بۆ توش بوو لە (داهاتویەکی نزیکدا)، بۆ زانین لەو ماوەیەدا میکرۆبەکە بەردەوام ئەبێت لە بڵاوبونەوەو گواستنەوەی بۆ خەڵکانو کەسانیتر.

**پ١٧/**

ئەو کارو کردەوانە کامانەن کە ئەگەر ئەنجام بدرێن بە هۆیانەوە، ڤایرۆسی ئایدز ناگوازرێتەوە.؟

**وەڵام/**

**لێرەدا زۆرێك لە هۆكارو كارو كردەوەی ڕۆژانە هەن كە بە هۆیانەوە ڤایرۆسی ئایدز ناگوازرێتەوە وەك:**

- **دەست لەملان (دەست لەمل كردن و باوەش بەیەكداكردن).**
- **ماچكردنی ڕومەت (دەموچاو/ گوپەكان).**
- **تەوقە كردن.**
- **هەڵمژینی هەوای هەناسەدانی یەكتر.**
- **كۆكە.**
- **پژمین.**
- **ئارەق.**
- **لێكخشاندن و بەریەككەوتن بەهۆی وەرزشكردنەوە.**
- **فرمێسك.**
- **دڵنەوایی كردنی كەسێك كە بگری.**
- **بەشداركردن لە سەرئاو (تواليت)دا.**
- **لە قاپ وقاچاغ دا.**
- **پەرداخی ئاوخواردنەوەدا.**
- **جل وبەرگی كۆن و نوێ.**
- **گەرماو مەلەوانگە گشتیەكان.**
- **گەستنی مێشولە.**
- **گەستنی مێروی جێگەو نوێن (پێخەف).**

پ١٨/ چۆن بتوانین ڕێگری بکەین لە گواستنەوەی ئەم ڤایرۆسە.؟

(چۆن نەهێڵین ئەم ڤایرۆسە بگوازرێتەوە).؟

وەڵام/

ئەتوانین (ئەگونجێت) ڕێگری بکەین لە گواستنەوەی ڤایرۆس لە ڕێگەی کۆمەڵێك بەجێهێنان و پێویستی (لەوانە):

١- ئەبێت ئەنجامدانی کاری سێکسی کورت بکرێتەوە تەنها لە نێوان ژن و مێردەکاندا ئەنجام بدرێت.

٢- یاساغکردن و قەدەغەکرن و ڕێگری لە ئەنجامدانی کاری سێکس کە لە ڕێگەی هاوسەرگیریەوە ناکرێت، تاوەکو ڕێگەیتر نەگیرێتە بەر بۆ تێر کردنی غەریزەی سێکسی، ئەبێت ڕێگەیان لێ بگیرێت و نەهێڵرێت ئەنجام بدرێت. واتە (ڕێگە گرتن لەو کارە سێکسیانەی کە وەك هاوسەرگیری (ژن و پیاو) نین و ناشەرعی و نادروستن.

٣-وەفاو دڵسۆزی (وەفاداری) لە نێوان ژن و پیاو (هاوسەرەکاندا)، هەریەکەیان بۆ ئەویتریان، (وەفاداری و بەئەمەکی و سپڵەنەبون)ی ژن بۆ پیاوو پیاو بۆ ژن.

٤- جێبە جێ کردن وئەنجامدانی وتنەوەی وانەی ڕۆشبیرکردن بۆ خوێندکارانی خوێندنگە بنەڕەتی و سەرەتاییەکان، لەسەر مەترسی نەخۆشیە گوازراوە زایەندیەکان، بەتایبەتی ئایدز،

بەستنی کۆرو کۆبونەوەو وتوویژی کراوە لەسەر ریگاکانی بلاو بونەوەی ئەم نەخۆشیانەو، ریگاکانی (چۆنیەتی) خۆپاراستن لییان (لە نەخۆشیە گوازراوەکان).

٥- پیشگرتن‌و ریگری کردن لە گواستنەوەی ڤایرۆس لە دایکەوە بۆ منالەکەی، لە ریگەی پیدانی (وەرگرتنی) دەرمانی دژە ڤایرۆس وەك دەرمانی (نیفیرابین)و، نابیت منال شیری دایکی پیّ بدریت (نابیت دایك شیر بداتە منالەکەی)و، پەنا ببریتە بەر (منالبون)ی قەیسەری (لە ریگەی نەشتەرگەریەوە)، هەلدرینی سکەوە.

پ١٩/ چۆن بزانم کە من بومەتە هەلگری ئەم ڤایرۆسە.؟ کە من هەلگری ئەم ڤایرۆسەم.؟

وەلام/

تەنها ریگەیەك‌و تاکە ریگەیەك کە بتوانیت لییەوە دلنیا بیت، تا وەکو بزانیت توش بویت بەم ڤایرۆسە یان نەء، بریتیە لە ئەنجامدان‌و کردنی پشکنینی تاقیگەییی تایبەت بەو نەخۆشیانە، بە هیچ شتیکیتر نازانریّ‌و دلنیایی دەست ناکەویت.

پ٢٠/ جیاوازی چیە لە نیوان کەسی (هەلگر)ی ڤایرۆسی ئایدزو، کەسی (توشبوو) بە نەخۆشی ئایدز.؟

وەڵام/ لە كاتی توشبوون بە ڤایرۆسی ئایدز، سەرەتا رێژەو بڕو چەندێتی ئەو ڤایرۆسەی كە ئەچێتە خوێنەوە پێی ئەوترێ (هەڵگری ڤایرۆسی) كە رێژەیەكی زۆر كەمن ئەو ڤایرۆسانە لەو سەرەتایەدا، ئەگونجێت مرۆڤ لەگەڵیدا بژییێت بۆ چەندساڵێك، ئیتر ئەبێتە هەڵگری ڤایرۆس‌و بە بێ ئەوەی هەست بە نەخۆشیەكەی بكات‌و هیچ نیشانەیەكی نەخۆشیەكەشی لێدەركەوێت، بەڵام نەخۆشیەكەی ئەگوازێتەوە بۆ خەڵكان‌و كەسانیتر، لە كۆتایداو بۆ دواجار (هەڵگری ڤایرۆس)یەكەی زیاد ئەكات واتە زیاتر بوەتە هەڵگر، ئیتر ڤایرۆسەكە كار لەسەر كۆئەندامی بەرگری ئەكات تاوەكو نەهێڵێ هیچ پارێزگاریەك بكات لە جەستە دژی نەخۆشیەكان، ژمارەی خانەی خڕۆكە سپیەكانی خوێن لەجۆری(CD٤) لەخوێندا، ئەبنە نیشاندەر لەسەر تواناو بەهێزی بەشێكن لە (CD٤) كۆئەندامی بەرگری، خانەكانی كۆئەندامی بەرگری، كە زۆر گرنگن بۆ پارێزگاری‌و پاراستنی جەستەمان تا بە بەهێزی‌و تەندروستی بمێنێتەوە، دوبارە ئەم خانانە توانای زاڵبون‌و لەناوبردنی نەخۆشییان هەیە.

ڤایرۆسی ئایدز هەڵئەسێت بە وێرانكردن‌و لەناو بردنی ئەم خانانە بە خێراییەكی زۆر گەورە، لەبەر ئەمە توشبوو بە ڤایرۆس لەوانەیە نەخۆشیە هەلپەرستە (الانتهازية) جۆراو جۆرەكان زۆر بە ئاسانی ئەتوانن هێرشی بۆ بەرن، بۆیە باری تەندروستی لە دوای

خواردنی چارەسەریشەوە زۆر بە خێرایی چاك نابێتەوەو، بە تێپەڕبونی چەند ساڵێك ئەبینین ڤایرۆسەکە زاڵبووە بەسەر زۆرێك لە خانە، تاوای لێدێت کە (CD٤) بەرگریەکانی کەسەکە بە تەواوی توشی نەخۆشی ئایدز دەبێت، دوای ئەوە هەندێ هەوکردنی تایبەت دەست پێدەکات لەسەر نەخۆشەکە دەردەکەوێت، کە پێی دەوترێت هەوکردنە هەلپەرستیەکان جا ئەم هەوکردنە هەلپەرستیانە ئاسایی دروست نابن تا وەکو بە تەواوەتی بەرگری نەخۆشەکە کەمو لاواز نەبێت بەهۆی ڤایرۆسی ئایدزەوە، هەر کات هەوکردنە هەلپەرستیەکان زیادیان کرد ئەو کاتەش لەگەڵیشیدا وێرانو تێکچونو خراپبونی کۆئەندامی بەرگری زیاد دەکات، تا ئەگاتە ئاستێك کە ناتوانێت لەگەڵیدا بەرگری بکات لە هەر هەوکردنێك، ئیتر ئەو کاتە پێی ئەوترێ توشی ئایدز بوە (توشی نەخۆشی ئایدز بووە).

<u>پ٢١/</u> کەی ئەکرێتو ئەگونجێت کەوا (نەخۆش) توشبوو بە ڤایرۆسی ئایدز (چارەسەر) دەرمان دژی ڤایرۆسەکە وەربگرێتو بەکاربهێنێ.؟

<u>وەڵام/</u>

لێرەدا زۆر کار هەیە کە پێویستە بە گرنگ سەیر بکرێنو حسابیان بۆ بکرێتو پێش دەستکردن بە بەکارهێنانیو وەرگرتنی دەرمان دژی ڤایرۆسی ئایدز، ئەبێت نەخۆش

(توشبوو) پارێزگاری لە تەندروستی خۆی بکات، بە شێوەیەکی چاکو توندو بەهێز بەم کارو هەنگاوانەی خوارەوە:

- خواردنی نانو خۆراکی باشو چاک.
- ئەنجامدانی چالاکی وەرزشی (وەرزش کردن).
- دورکەوتنەوە لە پەشۆکانوگرژبون.
- دورکەوتنەوەو وازهێنان لە جگەرەکێشان.
- وازهێنانو دورکەوتنەوە لە مەی خواردنەوە.
- دڵنیابون لە چارەسەرکردنی خێرای هەر کێشەو گرفتێکی تەندروستی لەپڕو لە ناکاوو کتوپڕ.
- چاودێریو بەئاگابون لە کارە تەندروستیەکانیتری شێوەو شێوازو رەوتو ژیانی رۆژانە.

**پێش دەسپێکردن بە بەکارهێنانی دەرمان پێویستە:**

١- گفتوگۆو تاوتێی کارەکە لەگەڵ پزیشکی تایبەتو پسپۆر، یان لەگەڵ سەرپەرشتیارو چاودێری تەندروستی، لە رێگەی ئەو گفتوگۆیەوە ئەم چاودێریانە بکرێن:

- باری کۆمەڵایەتی.
- سروشتی کارەکە.
- هەندێ کاری گرنگیتر لە ژیانی نەخۆش.

٢- بەدەست خستنو ئامادەکردنی پشکنینە تاقیگەییەکان، بەهۆیانەوە بۆمان رون ئەبێتەوە دیارە ئەگەر

ڕێژەی ڤایرۆسەکان بەرزبوبێتەوە تا ئاستێك کە پێویست بە وەرگرتنی چارەسەر بکات بە رادەیەك کە تەندروستی نەخۆش روخاوەو نوشستی هێناوە، یاخود وەکو خۆیەتی و نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە کە باری تێك بچێت.

٣- خۆ ئامادەکردنی تەواو بۆ خواردن و بەکارهێنانی دەرمان رۆژانە، تا کۆتایی تەمەن.

٤- تێگەیشتن و تێگەیاندنی چۆنیەتی (ئیش) کارکردنی ئەم دەرمانە لە جەستەتتداو، چۆنیەتی خواردنی دەرمانەکە، شوێنەوارە (نیشانە) لابەلاییە (نەرێنیە) گریمانەییەکانی ئەم دەرمانە.

٥- باس و لێکۆڵینەوە لەسەر بونی کۆمەڵێك لە هاوکاران و یارمەتیدەران لە کارمەندی تەندروستی لە ناوچە نیشتەجێکاندا، کە ئەکرێ تاوتوێ و قسەو باسی ئەم دەرمانەیان لەگەڵدا بکرێت.

٦- بەکارهێنانی چارەسەر (خواردنی دەرمان)، ئەبێت بە تەواوی بەپێی رێنماییەکانی پزیشك بێت، کە ئەمە کارێکە تەواو گرنگە.

پ٢٢/ ئایا هیچ هیواو ئەمەلێك هەیە بۆ توشبوانی ڤایرۆسی کەمی بەرگری (ئایدز) بە چاکبونەوەی تەواوەتی.

وەڵام/ بەڵێ... لێرەدا چارەسەر شیفایە بۆ نەخۆشیەکە، چونکە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) لە فەرمودەیەکیدا کە بوخاری بۆمان ئەگێڕێتەوە ئەفەرموێ:(ما انزل الله من داء الا انزل له شفاء) هەروەها لە فەرمودەیەکیتردا کە پێشەوا ئەحمەد لە مەسنەدەکەیدا بۆمان ئەگێڕێتەوەو ئەفەرموێ (ان الله لم ينزل داء الا انزل له شفاء، علمه من علمه وجهله من جهله) کەواتە چارەسەر هەیە، لێکۆڵینەوەو توێژینەوە لە سەر دەرمانو چارەسەرەکان بەردەوامەو، رۆژانە چارەسەرو دەرمانی نوێ ئەدۆزرێتەوەو پەی پێ ئەبرێت، لەم کاتی ئێستایەداو، پێشکەوتنە زانستیەداو، زۆری زانینو زانیارەدا، کەچی رۆژانە چەندەها کەس توش ئەبێت بە نەخۆشی کەمی بەرگری (نەخۆشی ئایدز) لە ریزی ئەو نەخۆشیانەی کە ئێستا پێیان ئەوترێ (نەخۆشیە درێژ خایەنەکان)، کە ئەتوانرێ هەڵسو کەوتو لەگەڵیشی ژیان بەسەر ببرێت، وەك نەخۆشی شەکرە، یان نەخۆشی بەرزبونەوەی پەستانی خوێن، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە تا ئێستا هیچ چارەسەرێکی تەواوی شیفا بەخش دژی ڤایرۆسی کەمی بەرگریو نەخۆشی ئایدز تا ئێستا بونی نیە، مەگەر تەنها هەندێ رێکار هەیە کە نەخۆش (توش بوو) پێیان هەڵئەسێو جێبەجێیان ئەکات، ئەویش تەنها بۆ کەمکردنەوەی چەشتنی ناخۆشییەکان بۆ ئاستی نزمتر، کە ئەمەش بە پێکەوە ژیانی ئەرێنی ئەبێت (التعايش الايجابى)، (پێکەوە ژیانی ئەرێنی)یش زاراوەیەکە بەکار ئەهێنرێت وەسفی هەنگاوەکان کە ئەگیرێنە بەر لەلایەن کەسانی توش بوو بە ڤایرۆسی ئایدز، کە

ئەبێتە هۆی پشتگیری چاککردنی بارو گوزەران‌و ژیانی تەندروستییان.

چەمکی (پێکەوە ژیانی ئەرێنی) ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەگرێتەوە:

١-سور بون لەسەر نەگواستنەوەی ڤایرۆس بۆ خەڵکان‌و کەسانیتر.

٢-خۆراك وخواردنی باش‌وچاك.

٣-چارەسەرکردنی خێرای نەخۆشیە هەلپەرستیەکان (الإنتهازية).

٤-رێك‌وپێکی لەسەر بەدەست خستن‌و بەدەست هێنانی چاودێری تەندروستی.

٥-تێڕوانینی ئەرێنیانەو تەندروستیانە بۆ ژیان‌و بە هیوای شیفاو چاکبونەوە (گەشبین بون بە چاکبونەوە).

٦-پەیوەندی کردن‌و چونەلای یەکێ لە تیمە (هاوکاری‌و یارمەتی دەرەکان)، (ئەم تیمانە (کۆمەڵێکن لە توشبوان بە یەکەوە) کە بەدەست هەمان کێشەو گرفتەوە ئەناڵێنن‌و سکاڵایان هەیە، بە شێوەیەکی خولاو بەیەك ئەگەن، بۆ گۆڕینەوەی شارازاییەکانیان‌و ئامۆژگاری کردنەکانیان، کە هاوکاری دەرونی کۆمەڵایەتی یەکتری ئەکەن‌و، چۆنیەتی

هەڵس‌و کەوتکردن لەگەڵ کێشەو گرفتەکەیان‌و چۆنیەتی چارەسەرکردن، یان چۆنیەتی ژیان‌و گوزەران لەگەڵیدا.

٧-پلاندانان بۆ داهاتوو (دوارۆژ)و، بەدواداچونی مەبەستەکان.

**پ٢٣/** بۆچی هاوسەرگیری لەگەڵ (٤) چوار ژنی (حەڵاڵ)دا ئەم نەخۆشیە سێکسیانە ناگوێزنەوە، کەچی بەدڕەوشتی (زینا) ئەیگوازێتەوە...؟

**وەڵام/**

ئەکرێ‌و ئەگونجێت مرۆڤ لە رووی رێکوپێکی لە ئەنجامدانی کاری سێکسیەوە پۆلێن بکرێت بە دوو جۆرەوە:

**یەکەمیان/** رێك‌وپێك کرابێت بە تەرازوی حەڵاڵ‌و حەرام، کار (کرداری) سێکسی ئەنجام نادات مەگەر تەنها لەگەڵ ژنی (خێزانی) خۆیدا نەبێت‌و. لە بناغەشدا هاوسەرگیری ناکات ژن ناهێنێت تا پەیوەست نەبێت بە حەڵاڵ‌و حەرامەوە، ئیتر مادام لە بنەڕەتتدا ئاوا شێلراوەو ئاوا هاوسەرگیری پێکەوەنراوە ئیتر هیچ ترسێکی ناوێت لەتوش بون بەم نەخۆشیانەو، ئەگەر ژنی دوەم‌و سێهەم‌و چوارەمیشی هێنا بەهەمان شێوەی ژنی یەکەمی پەیوەست بون بە حەڵاڵ‌و حەرامەوە، کار (کرداری) سێکسی رێك‌وپێك ئەنجام بدات لەگەڵیاندا، ئیتر لە نێوانیاندا هیچ نەخۆشیەك لەم جۆرانە بونیان نابێت، ئیتر هەمویان ئەمێننەوە

مادام پەیوەستن بە سێکسی حەلاڵەوە، بەڵام ئەگەر هەر یەکێك لەو پێنجە بە پیاوەکەشەوە دەرچون لەو بازنەو سنورە شەرعیە (واتە کەوتنە ناو زیناو بەدڕەوشتیو داوێن پیسیەوە) ئەو کاتە ئەگونجێت یەکێکیان توشی ئەم نەخۆشیانە ببێتو ئیتر هەمویان ئامادەن بۆ توشبونیان بە نەخۆشیە گوازراوە سێکسییەکان.

<u>دوەمیان/</u> ئەوەیە کە هیچ بەهاو نرخو کێشێك دانانێت بۆ حەلاڵو حەرام، خۆی ناپارێزێ لە ئەنجامدانی سێکسی حەرام لەگەڵ هەرکەسێکدا بێت، ئەمڕۆ لەگەڵ یەکێکدا سێکسی کردوەو رایبواردوەو دوێنێ لەگەڵ کەسێکیتردا سێکسی کردوەو رایبواردوە، ئەمەی کۆتاییان پێشتر لەگەڵ یەکێکیتردا بوەو رایبواردوە، بەم شێوەیە زنجیرەیەك دروست ئەبێت کە سەرەتای هەیەو کۆتایی نیە، هەریەکێك لەم زنجیرەیە توشبوبێت بە نەخۆشیەك لە نەخۆشیە گوازراوە زایەندیەکان، ئەوا ئەیگوازێتەوە بۆ کەسێك یان بۆ کەسانی تر ئەمەش ئەبێتە بەردی بناغەی نەخۆشییەکەو، هۆکارە لە بڵاوبونەوەی نەخۆشیە گوازراوە زایەندیەکان ئەویش بڵاوبونەوەی کاری سێکس ئەوەش پێغەمبەری نازدار بۆی باس کردوین کاتێ کە ئەفەرموێ:(ما ظهرت الفاحشة (الزنا والشذوذ) في قوم قط يعمل بها فيهم علانيةالا ظهر الطاعون (الوباء) والاوجاع التى لم تكن في اسلافهم) حاكم ريوايەتی کردوەو بۆمانی گێڕاوەتەوە.

لەبەر ئەوە پاکیو پاکیزەیی هەرهەمویو رازی بونو رەزامەندی خوای پەروەردگار بە پەیوەست بونو گوێڕایەڵی بونیەتی لە فەرمانەکانیو دورکەتنەوە لە قەدەغەکراوەکانی.

**پ٢٤/ ئایا ئەکرێتو ئەگونجێت لە داهاتودا زاڵبینو سەرکەوین بەسەر نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکاندا؟.**

**وەڵام/**

بەڵێ ئەتوانین رێبگرینو سنورێك دابنێین لە بڵاو بونەوەی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکانو، بیانگۆڕینو بیانکەینە نەخۆشیە کەمو دەگمەنەکان ئەگەر هاتوو سێ کارو فەرمانی پێویستمان جێبەجێ کرد کە ئەوانیش برتین لە:

١- چاك پەروەردە کردنی تازە پێگەیشتوانو گەورەکردنو چاندنی تۆی ئیمان لە دەرونیاندا هەر لە منداڵیەوە... هەروەها ئەنجامدانی هاوسەرگیری بۆ لاوانو گەنجان چونکە هیچ حەلو چارەسەرێك نیە بەبێ هاوسەرگیری.

٢- ئاسانکاری (کارئاسانی) لە خزمەتی پزیشکیدا بە هەردوو بەشەکەیەوە (خۆپاراستنی هۆشیاریو چارەسەریی، بۆ ئەوانەی کە توشبوون لە هەموو ئاستەکاندا.

٣- دانانی سنورێك لەسەر هەموو ئەوانەی کە بە سواڵکردن خۆیان ئەخەنە حەرامەوە دوای ئەوەی گرفتو کێشەکەی بۆ

چارەسەر کرا دەستی برد بۆ شەرەف ناموسی کەسانیتری بۆ ئەوەی ببێتە پەند بۆ کەسان‌و خەڵکانیتر.

ئەگەر هاتوو ئەم کارانە جێبەجێ کران، ئیتر وردە وردە ئەم نەخۆشیانە نامێنن‌و لەناو ئەچن‌و ئەپوکێنەوە، ئەگەڕێنە دۆخی جاران‌و سەرەتا کە دەست پێکرا زۆر کەم‌و سنوردار بون، بەڵام تەنها پشت بەستن (پاڵپشت) لەسەر دەرمان‌و چارەسەرەکان کێشەو گرفتەکان چارەسەر نابن‌و سودو کەڵك‌و فریادرەس نابێت، ئەمەیە کە ئەمڕۆ ئەیبینین لە جیهاندا کە نەخۆشیە گوازراوە سێکسییەکان بڵاوئەکرێنەوەو تەشەنەیان پێ ئەکەن بە جیهاندا (بە جیهانیبونیان)، رۆژ لە دوای رۆژ زیادو زۆر ئەبن لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە پزیشکیەو دەرمان‌و چارەسەرە زۆرو زەبەندەیە کەوا خەرج دەکرێت لەپێناویدا.

**(ئایا ڕاستە کە (سێکس)ی دەم، واتە (سێکس) لە ڕێگەی دەمەوە، ئەبێتە هۆی شێرپەنجەی دەمو قوڕگو گەرو).**

## ئایا ڕاستە کە (سێکس)ی دەم، واتە (سێکس)لە ڕێگەی دەمەوە، ئەبێتە هۆی شێرپەنجەی دەم وقوڕگ وگەرو)؟

پرسیارێك زۆر دوبارە ئەبێتەوەو ئەدرێت بەگوێماندا لە کاتی وتنەوەی وانەکانمانداو لە شوێنی کارەکانماندا لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامیەکانی عەرەبیو غیر عەرەبی، هەروەها لە ئاوارە ئیسلامیەکانی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوا

کە پرسیارەکەش لە دەوری هەڵوێستی ئیسلامی ئەخولێتەوە سەبارەت بە (سێکس)ی دەم، واتە (سێکس)لە ڕێگەی دەمەوە، ئایا حەڵاڵو ڕێگە پێدراوە یان حەرامو قەدەغەو ڕێگە پێنەدراوە؟و، لەبەر ئەوەی کە ئێمە کەسانی پسپۆڕی شەرعی نینو، لەبەر ئەوەی راو بۆچونە شەرعیەکان سەبارەت بەو پرسە جیاوازن، پاڵپشت بە تاوتوێو خوێندنەوە بۆ کردنی بابەتو باسەکەو لەبواری (لەڕوی) لەلایەنی پزیشکیەوە پشت ئەستور وەستان لەسەر زیانە پزیشکیەکانیو نەخۆشیە گوازراوەکان (تەنینەوەییەکان)و شێرپەنجەیەکان، کە بەهۆیەوە بڵاو بونەتەوە بەزۆری لە جیهانی ڕۆژئاواداو، ئەم توێژینەوەو خوێندنەوەیەمان نارد بۆ نزیکەی (٥٠) پەنجا پسپۆڕو شارەزا لە زانستە شەرعیەکان، سەرەتا لە (یەکێتی جیهانی زانایانی موسڵمان) نێردرا بۆیان بۆ ئەوەی کوتا قسەو کۆتا وتە لای ئەوان بێت سەبارەت بە حەرامو حەڵاڵ بونی، لێرەدا کورتەو پاڵفتەی باسو

لێکۆڵینەوەکە پیشان ئەدەین‌و، هەر کەسێکیش تەواوو درێژەی باسەکەی ئەویت ئەتوانێت سەردانمان بکات لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەمانەوە لەسەر تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی (www.qudah.com) کورتەی باس‌و توێژینەوەکە بریتیە لە:

(ترسان‌و تۆقانی سێکسی نوێ‌و تازەگەرایی، کە بە هەموو جیهاندا بڵاو بونەتەوە بە شێوەیەکی بێ وێنە، چڵێس‌و تێر نەخۆری سێکسی لەلای لاوان‌و دەرچونیان لە سروشت‌و فترەتی پاك‌و سەلیم، گەڕانیان بە دوای هەموو ئەو شتانەی کە چێژو خۆشی‌و کات‌و ساتی ئێستایان زیادو زۆر ئەکات، وەك (سێکس)ی دەم‌و شتیتر، هەموو ئەمانە بە تەنها نەبونە هۆکارێك بۆ زیاد بون لە بڵاوبونەوەی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیە زانراوەکان بەڵکو بونە هۆی دەرکەوتنی زنجیرەیەکی نوێ لە شێرپەنجەکان لە (دەم‌و زمان‌و ئالوەکان وقوڕگ‌و لێوەکان)و، لەبەر ئەوەی جیهان بوەتە گوندێکی بچکۆلانە چەندەها داب‌ء نەریت‌و باوو مۆدەو خوو ترس‌و تۆق نوێ‌و کەموکوڕی‌و ناتەواوی‌و نەنگیەکانیانەوە ڕژانە (هاتنە) ناوی، دواجار دزەی کرد بۆ کۆمەڵگە پارێزراوەکەمان، ئەنجامدانی ئەم کارە بە بێدەنگی دەستی پێکرد زۆر بەخێرایی بڵاوەی کرد لەنێوان گەنج‌و لاوەکانماندا، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی فەرمان (حوکمی شەرعی) بۆ سێکسی دەمی، سێکس لە ڕێگەی دەمەوە، کە

جیاوازی زۆر هەبوو لە راو بۆچون لە نێوان (حەڵاڵی و کەراهەتی و حەرامی)یداو، مەترسی لەسەر جێگیر بونی دەرەنجامە ترسێنەرو تۆقێنەرەکەی، لە رێگەی خوێندنەوەو توێژینەوە مەیدانی هەندێکیان دەستگرتن و یارمەتی و پشتگیری هەندێکیتریان بون لە تەواوی شوێنە جیاوازەکانی جیهاندا، لە شێرپەنجەکان و نەخۆشیە تازەکان وەك دەرەنجامی راستەوخۆ بۆ سێکسی دەم لە خۆر ئاوادا بۆیە ئێمە وەك شارەزایان و پسپۆڕان لەسەرمان پێویست بوو کەوا باس و لێکۆڵینەوە بۆ ئەم بابەتە بکرێت تەنها لە روی زانستی پزیشکیەوەو، خستنەڕوی راستیەکان وەك هەن (هەروەك چۆن هەن) بخرێنە بەر دەست خاوەن زانستە شەرعیەکانەوە، بۆ ئەوە زانیاری تەواو وەربگرن لەو بارەوەو بەرچاو رون بن، تاوەکو فەتواکانیان نزیك بێت لە راستی و رەواو تەواویەوە، لەسەر بەڵگەی رون و ئاشکرا بێت و لە بەرژەوەندی گەل و نەتەوەدا بێت.

# ئايا ( نەگەیەن/ کۆندۆم ) پارێزگاری ئەکات لە میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان؟
# و چ پەیوەندیەکی راستەقینەو راستینەی هەیە لەگەڵ ( سێکس )ی سەلامەتو دڵنیاییدا؟

## ئایا (نەگەیەن/ کۆندۆم) پارێزگاری ئەکات لە میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان؟و چ پەیوەندیەکی راستەقینەو راستینەی هەیە لەگەڵ (سێکس)ی سەلامەتو دڵنیاییدا؟

بازنەی ئازادییەکان (ئازادی زایەندی سێکسییەکان لە خۆرئاوادا، هەتا دێت بەرەو فراوان بوون ئەڕوات، تاوای لێهات کار گەیشتە ئەوەی کە کوڕانو کچانی لاو بە هەوەسو ئارەزووی خۆیان چییان پێخۆشە ئەنجامی بدەنو، کارەکە زۆر پەسەند بوو لای گەورەو بچوکیان، هیچ رێگریو بەرگریەکیان لێناکرێت لەلایەن یاسا، یان دابو نەریت، یان ئاین، بۆیە ئەم سەرشێتییە سێکسییەو دەرچوون لە فیترەتو سروشتی کۆمەڵگەو جۆرەها نەخۆشی جۆراوجۆری بەرهەم هێنا.

لەبەر ئەمە لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کۆمەڵێك هەڵمەتو چالاکی جۆراو جۆرو کۆنگرەو کۆنفرانسی نێودەوڵەتی بەستراو بە رێوەچوو بەهۆی ئەوەی کە سێکس وەك خواردنو ئاو وایە بۆ جەستە هیچ سنوورو کۆتێك نییە لەسەر ئەنجامدانو کردنی.

ئەم کاری سێکسەو ئەنجامدانی کاری سێکسی پارێزراوەو پارێزگاری لێئەکرێت بە هێزی (یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ مافی مرۆڤ).

مەبەست لەمەشدا دانانی یاساکانو بەڵگەنامە گەردوونییەکانو یاسا دەستکردەکانە کە مەبەست سڕینەوەو کوژانەوەی شەرعی خوایەو کە دەستوورو یاسای خوایە بۆ رێکخستنو رێكوپێك کردنو

چۆنیەتی ئەنجامدان‌و جێبەجێ کردن‌و نیشتنەوەی هەواو ئارەزوو (غەریزە)ی سێکسییە لە مرۆڤەکاندا.

بە جیهانگیرییەکەی‌و تواناو هێزو دەسەڵاتەکەی توانیویەتی بڵاوی بکاتەوە لە رێگەی کۆنگرە نێو دەوڵەتییەکانەوەو لە ژێر ناونیشانی سەرنجراکێش، کە ئەمە زۆر مەغزاو ماناو واتا هەڵئەگرێ، ئەویش بۆ هەڵمژینی هەر کاردانەوەیەکە کە دێتە گۆڕێ.

بەڵام لە ناوەڕۆك‌و ناواخندا واتاو مانای روخێنەری تێدایە بۆ زانایان‌و تێگەیشتوان‌و نەریت‌و یاسا ئاینیەکان کە گەلان باوەڕیان پێی هێناوە، کۆتایی پێ بێنێت بۆ جیهانگیریە رەزیل‌و پیس‌و چەپەڵ‌و خراپەکەو خۆ رزگارکردن لە هەر کۆت‌و بەندێك یا ریکخستنێك بۆ ئەنجامدانی کارە سێکسییەکان.

ئەو هۆکارانەی کە پێشتر پیلانداڕێژەران بەکاریان هێناوە بریتییە لە هەندێ پڕوپاگەندەو هەندێ زاراوە کە یارمەتی گەنج‌و لاو ئەدەن لەسەر ئەنجامدانی کاری سێکسی، ئەو لاوەی کە لە لوتکەی وروژاندن‌و هەژێنی سێکسیدایە، تازە لاو تازە گەنج‌و کەم تەمەن‌و کەم شارەزایی لە سەرەنجامەکانی ئەنجامدانی کاری سێکسی هەیە، وروژێنراوە لە هەموو لایەك‌و لە هەموو روویەکەوە، بۆیە زوو ئەم زاراوانە وەرئەگرێت‌و بەلایەوە قبوڵ‌و پەسەندن‌و زوو بە زوو پەنایان بۆ ئەبات‌و ئەچێتە ژێر رکێفیانەوەو دڵنیا ئەبێت لێیان.

زۆر بە ئاسوودەییەوە وەریان ئەگرێت‌و لە پەرداخی سێکس ئەنۆشێت، بە خڵتەکەیشیەوە هەر هەمووی بەبێ ئەوەی بەخۆی

بزانێت، ئەبێتە بەشێك لەم كۆما داروخێنەرو داهێزراو داڕمێنەرە، كە بەڕاستی خوو رەوشتی لەناو ئەبات و نەك هەر ئەوەش بەڵكو ئاینەكەشی، ئەو كات بە دوای هەواو شەهوەت و ئارەزووەكانیدا وێڵ و سەرگەردان و ماندو شەكەت ئەبێت.

بۆیە بەهۆی ئەم ئەنجامدانی كاری سێكسییە بێسەروبەرەوە وەك دەرەنجامێكی سروشتی بۆ ئەنجامدانی ئەم كاری سێكسییە، زۆر جۆر نەخۆشییە گوازراوە زایندییەكان زۆر ئەبن و روو لە زیاد بون ئەكەن).

## *زاراوەكان/

١- الجنس الآمن: (سێكسی سەلامەت و بێوەی و دڵنیا) . (safe sex)

سێكسی سەلامەت و بێوەی و بێ ترس و بێ خەم یەكێكە لە زاراوە رۆژئاواییەكان نەخشێكی وای نەخشاندووە كە گونجاو لەبار بێت بۆ بڵاوبونەوەو تەشەنەكردن و تەنینەوەی سێكس و هەڵوەشاندنەوەی خێزان و كۆمەڵگەو بەدرەوشتی و شەروالپیسی بە هەموو جۆرە جیاجیاكانیەوە لە هەموو شوێن و كون و قوژبنێكی شارستانیەتی رۆژئاوایی، ئەوە واتە ئەنجامدانی كاری سێكسی، لەگەل وەرگرتن و بەكارهێنانی هۆكارە گونجاوەكان بۆ دووركەوتنەوە لە رودانی كەوتنە ناو نەخۆشییە گوازراوە سێكسییەكان واتە سەلامەتی و بێوەیی لە نەخۆشییەكان.

ئەمە ئەگەر لە رۆژئاوادا ئەم (بانگەشەی بەكارهێنانی هۆكارەكان) توانیبێتیان كەمێك هاوكاریان بێت یان هەندێ شت یارمەتی دەریان

بێت، بەهۆی زۆر بڵاوبوونەوەی نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان لەلای ئەوان.

ئەمە بۆ گەلانو وڵاتانیتری جیهانی هیچ سوودوو کەڵکی نابێتو بە پڕاکتیکی بێسوودە بۆیان، بەڵکوو زەرەری زۆری هەیە بۆیان، ئەم زاراوانەو پڕوپاگەندانە لەوانەیە بۆ خۆیان (سوودو کەڵکی هەبێت) بەڵام هیچ کەڵكو سوودێکی نابێت بۆ گەلانو وڵاتانیتری جیهان بەڵکو زیانو زەرەریشی هەیە بۆیانو زیانیان پێئەگەێنێت، چونکە تا ئێستاشو بە بەردەوام ژیانی هاوسەرێتی شەرعیو یاسایی پیرۆزەو (شذوذ) (کاری ناسروشتیو نامۆو ناباوو لارو نائاسایی نێربازیو مێبازیو بەدڕەوشتی) رەت ئەکرێتەوەو بوونی نیەو ئینکاری لێئەکرێت، بەڵکو ئەخلاقو داوێن پاکیو پاکیزەییو دووربوونو دوورکەوتنەوە لە سێکسی حەرام دائەنرێت بە نزیك بوون لە خوای پەروەردگار، هەروەها هانی لاوانو گەنجان ئەدەن بۆ ئەنجامدانی کاری حەرامو تاوانکردنو کەوتنە ناو (زینا) داوێنپیسی (شذوذ)و کاری بەد رەوشتیو شەروالپیسی، ئەمە تەنها بڵاو کردنەوەی نەخۆشیو روخانو تێکشکاندنی رەوشتو ئەخلاق نیە بە تەنها بەڵکو داماڵینشیەتی لە رەوشتو ئاینو دابو نەریتەکانیشی، بەشێوەیەکی پڕاکتیکی هیچ سێکسێکی سەلامەتو بێوەی نییە مەگەر تەنها لە نێوان ژنو پیاودا هەبێت، ئیتر لە هیچ شتێكو بە هیچ شێوەیەك سێکسی سەلامەت بوونی نیە ئەویش بە مەرجی پەیوەست بوون بە

شەرعو یاساو ڕێسای خواو بەرنامەی خواو لەهەر کاتو شوێنێکدا هەبێت.

له گرنگترین کارو فەرمانێك کە ڕۆژئاوا کاری لەسەر ئەکاتو پشتی پێ ئەبەستێتو ناوی ناوە (سێکسی سەلامەتو بێوەی) بریتییە لە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی بەکارهێنانی (کۆندۆم).

له رووی مادیو لە رووی ڕاگەیاندنەوە هاوکاریو یارمەتیو پشتیوانی ئەم پڕوپاگەندانە ئەکرێت، هەرچی پێویست بێت بۆی ئەکرێت لە کار ئاسانیو پەیداکردنی (کۆندۆم/ نەگەیەن) زۆر کردنو زۆر بە ئاسان دەستخستنی لەلایەن لاوانەوە، یان پەیداکردنی بە نرخێکی گونجاوو زۆر هەرزان نیوە خۆڕاییو بێبەرامبەر، ئەمە لە بەڵگەنامەی قاهیرەدا لە ساڵی ١٩٩٤دا هاتووە، کە لە کۆنگرەی (السکان الدولی)دا دەرچوە، کە لە ژێر چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە قاهیرەو شوێنەکانیتردا گرێدرا، بەڕێوەبەری بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەڵاچوکردنی ئایدز لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦دا، لە کۆبونەوەیەکی (دەستەی گشتیدا) ئاشکرای کردوو وتی: هەشت ٨ ملیار دۆلارمان هەیەو لەبەر دەستماندایە بۆ ئەم ساڵ (٢٠٠٦) بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی ئایدز، ئەم بڕە پارەیەیان دابەشکردو نیوەی لەبەر بەرژەوەندی بەرنامەی (الامتناعو الإخلاص) (A+B)و نیوەکەیتری بۆ بەرژەوەندی بەرنامەی (C) واتە زۆرکردنو پەیداکردنو بە دەستخستنو بڵاوەپێکردنو دابەشکردنی (نەگەیەن/ کۆندۆم).

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە وێنەکە پێویستە مەبەستو نیازی نەتەوە یەکگرتووەکان بزانین بۆ بەرنامەکانی (الإمتناعو الإخلاصو العازل) (ABC) کە باوەڕپێکراوە لەلایان.

١- مەبەست لە (الإمتناع) لە زمانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بریتییە لە راستەوخۆ گۆڕینی (ئەنجامدانی کاری سێکسی) بۆ ئەوانەی کە ژنیان نەهێناوەو گەنجو هەرزەکارن لە هەردوو رەگەز بەئاو هێنانەوە بەدەست (دەسپەڕ) لەبری کاری سێکسی.

یان ئەنجامدانی کاری سێکسی بەبێ دەست لێدانی ئەندامی زاوزێی یان ئەنجامدانی کاری سێکسی لە رێگەی دەمەوە بەبێ ئەوە ئاوەکە بچێتە ناو دەمەوە (لە رێگەی دەمەوە).

٢- مەبەست لە (الإخلاص للشريك) واتە وەفاو دڵسۆزی بۆ هاوسەر (هاوڕێ)، لە بەڵگەنامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. هاوسەر (هاوڕێ) واتە هەر پیاوێك هاوڕیی ژنێك بێت لە کاری سێکسیدا (سەرجێیدا) ئەگەر چی لە رووی شەرعیشەوە بەیەکەوە نەبەسترابن (ژنو مێردی شەرعی یەکتری نەبن)، یان پیاوێك هاوسەر (هاوڕێی) سێکسی پیاوێکیترە یان ژنێك هاوسەر (هاوڕێی) سێکسی ژنێکیترە کەواتە (إخلاص) واتە دڵسۆزی نواندنی داوێنپیسێکی پیاو بۆ ژنە هاوسەرە (هاوڕێی) داوێن پیسو بەدرەوشتەکەی هەرەوەها وەفاو دڵسۆزی نواندنی (پیاوێك بۆ هاوسەرە (هاوڕێ) پیاوەکەیو ژنێك بۆ هاوسەرە (هاوڕێ) ژنەکەی.

٣- سێهەمیشیان/ بریتیە لە بەکارهێنانی نەگەیێنەر (نەگەیەن/ کۆندۆم) لە کاتی (زینا) داوێنپیسی و بەدرەوشتیدا (پیاو لەگەڵ ژنێك یان پیاو لەگەڵ پیاو یان ژن لەگەڵ ژن)، بۆ رێگرى و رێگەگرتن لە گواستنەوەی میکرۆبی نەخۆشیە گوازراوەکان کە ئەوان پڕوپاگەندەی بۆ ئەکەن، ئایا بە راستی (نەگەیەن/ کۆندۆم) بە پڕاکتیکی و بە تەواوی یان بە شێوەی نیمچە تەواوی رێگر ئەبێت یان تەنها بەرژەوەندی و رەواج و برەودانە بە (نەگەیەن/ کۆندۆم).

لە راستیدا دوو راو بۆچوون هەیە لەسەر کاریگەری (نەگەیەن /Condom) بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە.

**راو بۆچوونی یەکەم:**

کە رۆژئاوا خۆی بە خاوەنی ئەزانێ و بەڕێوەبەرو سەرقافڵەو پێشەنگیەتی بە هەموو هێزو تواناو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو دەسەڵاتییەوە لە تەواوی هەموو گۆی زەویی و جیهاندا، بە شێوەیەك کە ئەم بابەتی (نەگەیەن/ Condom)ەی تێکەڵ بە هۆشیاری سێکسی و تەندروستی و کتێبەکانی خوێندن لە خوێندنگەکاندا بۆ خوێندکاران کردووە، بەشێویەك کە مێشکی خەڵکییان پڕ کردووەو رازییان کردوون لەسەر بەکارهێنانی (نەگەیەن/ کۆندۆم) لە فیکرو بیرو باوەڕیاندا یەکێکە لە شتە زۆر گرنگ و سەرەکی و بەڵگەنەویست و بێوێنەکان، بەبێ هیچ مشت و مڕو قسە لەسەر کردنێك، رۆژئاوا بە هەموو هێزو دەسەڵات و

زاڵبوونو هەڵکوتانە سەرو پەلامردانیەوەو پێشکەوتنە زانستییەکەیەوەو کاریگەربوونی لەسەر وڵاتانیتری جیهان بە تایبەتیو وڵاتە ئیسلامییەکان، کە لاسایی رۆژئاوا بکەنەوەو خۆیان وەك ئەو لێبکەن، وامان لێهات بەبێ بیرکردنەوەی زانستایانەو هیچ لێکۆڵینەوەیەكو یان سەرنجێك یان تێبینییەك شوێن پێکانیان کەوتینو بڕوامان پێ کردنو، بوینە سەرنشینێك لەگەڵ ئەو کاروانەدا، بە تایبەتی کە (رۆژئاوا) دەستی بردووە بۆ بیروباوەڕو دابو نەریتە ئیسلامییەکەمان.

## راو بۆچوونی دووەم)/

ئەوەیە کە ئێمە بە راستو دروستی دائەنێین، کە ئەڵێت: رۆڵو کاریگەری (کۆندۆم/ نەگەیەن) بەشێکی کەم ئەبێت، بەشێکی ئاسانو سادەو ساکارە لەبەر ئەوەی چارەسەرێکی کاتیو پینەو پەڕۆیە، حەلێكو چارەسەرێکی هەمیشەیی نییەو (لایسمنو لا یغنی) نە پێی قەڵەو ئەبێتو نە پێیشی تێر ئەبێت (واتە نە حەلەو نە چارەسەر) بەڵکو خراپەکانیو زیانەکانیو نەرێنیەکانی (سلبیات)ەکانی زۆر زۆرن لەسەروی باشیەکانیو ئەرێنیەکانیەوەن، لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

کە حەوت (٧) هۆکاری زانستیو لۆژیکین، بۆ هەر کەسێك بیەوێت زانیاری زیاتری دەست بکەوێت ئەتوانێت بە دورو درێژی لە لاپەڕەی (باسە سەرەکیەکە) وەریبگرێت لە رێگەی شوێنی

(پرۆژەی پاراستنی لاوان) لەسەر تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی.
(www.qudah.com)

ئەو پرسیارەی کە ئەبێ ئێمەی پسپۆڕان لە موسڵمانان لە خۆمانی بکەین، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا زیانو زەرەرو ئەنجامی (زینا) داوێن پیسیو بەدڕەوشتیو (شذوذ/ رەوشتی نامۆو ناباوو ناوازە) تەنها پەیوەستە بە ئایدزەوە، ئەوانەش کە لەو ئەچن لە نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان؟.

گریمانو ئەوە وتمان (نەگەیەن/ کۆندۆم) ١٠٠٪ پارێزەرو رێگرە، ئایا دروستە (جائز)ە بۆ ئێمە ئامۆژگاری لاوەکانمان بکەین بە بەکارهێنانی (نەگەیەن/ کۆندۆم) لە کاتی داوێن پیسیو شەرواڵ پیسی (زینا)دا، کە ئەمە وەك ئەوە وایە کە بۆیان حەڵاڵ بکەین شیوەنو ناڵەیان بۆ بکەینو بیان لاوێنینەوە، سبەینێش وەك بەکرێگیراوێك لە قرچەی گەرماو ئاگردا، لاوەکانمان ئەپارێزین لە ئاگری ئایدزو نەخۆشییە زایەندییەکانو خۆشمان بکەوینە ناو ئاگری جەهەننەمەوە!!!.

لەگەڵ ئەو هەموو شتانە کە لە پێشەوە باسکرا، ئێمە ئەبینین شایەت حاڵی سووربونێکی سەرسوڕمانانەین لە دامەزراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوانەیان پەیوەندیدارن بە بەگژاچوونەوەو دژایەتی کردنی ئایدزو نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان لەسەر ئەو پشتبەستنە ستراتیژیەیان کە رەواجو برەو دانە بە (نەگەیەنی

نێرینه/ کۆندۆم)، بینا لەسەر گریمانەیەك كە دەستی پێوە بگیرێت بەبێ ئەوەی تاقی بكرێتەوە یان یارمەتیو هاوكاری (پشتگیریو پشتیوانی) ئەوە بكرێت كە تاقی ئەكاتەوەو بەكاری ئەهێنێ، خۆ رزگاركردنو خۆ لێلادانو دورە پەرێزی قورسە، بەڵكو گۆرانكاریو راستكردنەوەو چاككردنی خو رەوشتو كردارو رەفتار، ترسناكو مەترسیە بۆ لاوان، بەم شێوەیە زەرورەتێكی واقعیە، تەسلیم بوون بە هەواو ئارەزووەكانو شوێنكەوتنی سیاسەتی كەمبوون لە مەترسیەكان، (مەترسییەكان كەمترن)، چارەسەركردنی دەرەنجامەكانو دەرهێنراوەكان (المخرجات) لە بری كاركردن بۆ لابردنو دورخستنەوەی یا لە رەگو ریشە دەرهێنانی لە بناغەداو لاوازكردنی لە بنەڕەتدا، ئەمە كارێكی تەواو نادروستو قبوڵ نیە، نە ئەخلاقیانەیەو نە زانستیانەیە، بەتایبەتیو نەخوازەڵلا هێشتا ئێمە زۆرێك لە رۆحەكان ئەبینین كە لە نەفامیو نەزانیندا فەوتانو لەناو چون، بە شێوەیەك كە وا شیاوتر بوو بۆ ئەم دامەزراوانە كە رێگەی راستو دروست بگرنەبەرو مەترسییەكانیانو خراپەكانیان فێربكرێت، ئەمانە هەموو لەبەر چاوو گوێی جیهان روو ئەدەنو بە ناوی دژایەتیو بە گژاچوونەوەی پەتایەكی كوشندەو لەناوبەرەو لەبەر بەرژەوەندیو كەمبوونەوەی بودجەو چاودێری كردنی زۆرێك لە خزمەتگوزارییە تەندروستییە خۆپاراستنەكانیتر.

باشه، ئەگەر ئەم بەرنامە جیهانیانە، ناتوانێت چارەسەرو حەلی ئاستەنگ‌و کێشەو گرفتەکانی ئەم وڵاتانە بکات کە جێگەی باوەڕبوون‌و پشت‌و پەنایانن هەر لە دێر زەمانەوەو زەمەنێك تێپەڕی، بەردەوام ئێستاشی لەگەڵدا بێت ڕێژەی سکپڕی‌و دووگیانی لە ناو کچانی تازەپێگەیشتوو هەرزەکاراندا، ڕێژەی تووشبوون بە ئایدز لە هەردوو شاری (واشنتۆن‌و نیۆیۆرك) لە ئاستێك‌و ڕێژەیەکی زۆر بەرزدایە لە جیهاندا هەر بۆ نمونە: هیچ سنوورێك دانەنراوەو ڕێگریەك نەکراوە لە بڵاوبوونەوەی ئایدزو نەخۆشییە گوازراوە زایەندییەکان، ئیتر چ پێویست ئەکات بڵاوبکرێتەوە بەسەر وڵاتانیتری جیهاندا، ئایا پێویست ئەکات کە ئەم ئافاتە تەندروستی‌و ئەخلاقییە هەناردە بکرێت لە ڕێگەی برەو دان‌و ڕەواجدانی چارەسەرێکی کاتی‌و کەم‌و بێ ڕۆڵ‌و بێ کاریگەر.

ئەگەر زانیمان لاوان لە هەردوو ڕەگەز لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا (الشاذین/ لە نێربازەکان‌و مێبازەکان)و ئالوودەبووانی (سیکس العرضی/ شەرەف‌و ناموس‌و ئابڕو فرۆش)و تەنانەت ئەوانەش کە هەڵگری ڤایرۆسی ئایدزن، ڕایئەگەیێنن‌و لەبەر چەند هۆیەکی جیاواز، بە بێ وەستان‌و دوودڵی‌و ئەڵێن: ئێمە (نەگەیەن/ کۆندۆم) بەکارناهێنین‌و بەڵکو زۆریش ڕقمان لێیەتی‌و حەزمان لێی نییە لەبەر چەند هۆیەك لەوانە وەك:

١- لەبەر ئەوەی چێژ وەرگرتن کەم ئەکاتەوە.
٢- لەبەر ئەوەی نیشانەی بێ متمانەییە لە نێوان دوو شەریکەکەدا.
٣- لەبەر ئەوەی هەستی سۆزداری ئەپچڕێنێت‌و نایهێڵێت.
٤- لەبەرئەوەی هەندێ لە ژنان ئەترسن ئەگەر لە ناوەوە بمێنێتەوە.
٥- لەبەر ئەوەی ئەبێتە ڕێگرو بەربەستی دووگیانی (ڕێگری لە سکپڕی ئەکات).

جا لەبەر ئەوە ئەبێ ئێمە سۆزمان هەبێ لە سەر ئەوەی پێشوو ئیتر کار وای لێهاتووە بووە بەبێ لۆژیك بەڵکو بوەتە لۆژیکێکی پێچەوانە، بانگەواز (بانگەشە)ی لەناوچوون‌و وێران‌و خراپ بوونی مرۆڤایەتی، ئەمەش تەنها بۆ پارێزگاری کردن‌و پاراستنی هەقێکی داواکراوو ئازادییە کوشندەو لەناوبەرەکان، بۆ چنگێ مرۆڤی هەڵوەشاوە کە هەوڵ ئەدرێ بۆ چاو لێداخستن لەو چێژە کوشندەو لەناوبەرە، کە دورەو لە دەرەوەی فیترەتی پاك‌و زەوقی ساغ‌و سەلیمە، ئایا ئەکرێ‌و ئەبێ لەبەر خاتری هەق‌و ئازادی کەسانێکی زۆر کەم کە داوای ماف‌و ئازادییەکانی خۆیان ئەکەن بەڕەهایی، کەخۆیان بەرەو هەڵدێرو خۆکوشتنی گشتی‌و کۆمەڵی ئەڕۆن‌و لە هەوڵی ئەوەدان کە کۆمەڵگە هەمووی بەرەو فەسادو خراپەکاری‌و خۆکوشتن بڕوات ئەمە وەك ئەوە وایە کە ئێمەش هاوکارو یارمەتی دەریان بین بەبێ دەنگیمان. هەندێ جاریش رازین‌و بەڵێیان بۆ ئەکەین....!!!

پێش ئەوەی ئێمە تەسلیم بین بۆ هەر هۆكارو دەرەنجامێكی داواكراو بە تایبەتی ئەو شتەی كە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە لە گەڵ سەرپێچی كردن ویاسا شكاندن سنور بەزاندنی نەگۆڕو جێگیرەكانمان‌وخۆتێهاوشتن‌و پەلامارو هێرش بردنە سەر شتە حەرام كراوەكانمان بۆیە ئەبێ‌و پێویستە توێژینەوەو لێكۆڵینەوەی زانستی پتەوو مەحكەم‌و سەربەخۆ بێلایەنانە لە هەموو روویەكەوە ئەنجام بدرێ‌و جێبەجێ بكرێت بۆ جێگیركردن‌و نەفی كردن‌و نەهێشتنی هەر بانگەشەیەك ئەوە كارێكە ئەفسوس‌و داخەكەم ئەم كارە جگە لە شتێكی كەم‌و بێ بایەخ نەبێت هیچ خەمێك‌و خەرجێكی بۆ ناخورێ بە تایبەتی لە ئەفریقاو ولآتانی عەرەبی‌و ئیسلامی..

لەبەر ئەوەی كاریگەری (نەگەیەن/ كۆندۆم) كە ئەوان بانگەشەی بۆ ئەكەن، یارمەتیدەرو هاوكارن‌و دەستیان هەیە لە بانگەشەو نەخشەكەیاندا، رۆڵێكی كەم‌و بەشێكی بچوك ئەبینێت بەپێی راپۆرتی خوێندنەوە زانستییەكان كە لە پێشەوە باسیان لێوەكرا، لەبەر ئەوە هەقی ئەوەیان نیە برەوو رەواج بدەن بە (نەگەیەن/ كۆندۆم) وەك رزگاركەرێك‌و چارەسەرێك واتە (نەگەیەن/ كۆندۆم) بە چارەسەركەرو رزگاركەر دائەنێن، چونكە لەوەدا زۆر گومڕایی كردن‌و سەرلێتێكدان‌و بەهەڵەبردن هەیە، هەروەها ئەبێت ئاگادار بین لە بەكارهێنانی زاراوەی (الواقي الطبي) بین، بەڵكو تەنها وشەو زاراوەی (نەگەیەن/ عازل) بەسە، بەكاربهێنرێت‌و بووترێت، لەبەر ئەوە ئەمە ئاماژە پێدانێكە بە تەنێكی پزیشكی كە زۆر بە دڵنیاییەوە بەكاربهێنرێت، لەهەمان كاتدا

دووركەوتنەوە لە ئەنجامدانی كاری سێكسی حەرامو ناشەرعی، ئەوە خۆپاراستنێكی (كردەییە) كە زانست بڕواو متمانەی پێی هەیە.

لەبەر ئەوە ئەبێت جەخت بكەینەوەو دڵنیابین كە زاراوەی (سیكس الآمن) (سێكسی سەلامەتو بێزیانو بێزەرەرو بێخەمو بێوەی) هیچ نیەو بوونی نیە تەنها (وەهم/ خەیاڵو ئەندێشەیەكو نەخشاندنێكە وەك زاراوە رۆژئاواییەكانیتر.

(زاراوە رۆژئاواییەكان/ الأصطلاحات الغربية)/: روكاری دەرەوەی پاراستنو پارێزگارییە بەڵام ناوەو ناوەرۆكی لە ناوبەرو وێرانكەری لاوانو گەنجانەو لەناوبەری بیروباوەڕیشیانە، لەبەر ئەوە پێویستە، كارەكان ناوبهێنن بە ناوە راستەقینەكانی خۆیان. (كارەكان چییان پێ ئەوترێ بەو شێوە راستقینەی خۆیان ناویا بهێنین).

هیچ چارەسەرو حەلێك بۆ گرفتو كێشەی مرۆڤایەتی نیە مەگەر تەنها بە جێبەجێ كردنو (تطبيق) كردنی شەرعو مەنهەجو بەرنامەی ئاسمانی نەبێ و، پێویستە پەروەردەیەكی راستو دروستو گونجاو لەگەڵ فیترەتدا ئەنجام بدرێو دەست پێبكرێت.

پەیوەست بوون بە ئەخلاقو بەهاوو رەوشتی پاكو پاكداوێنیو پاكیزەییو ئارامگرتن لەسەریو خۆنەدان بەدەستەوەو دامەزراوی لە بەرامبەر كۆسپو تەگەرەكان، دانبەخۆدا گرتن لە بەرامبەر نارەحەتییەكانی رێگەی سەرفرازیو رێگەی راستو هیدایەت، هۆشیار كردنەوەی مەبەستدارو ئامانجدار بەئاگابوون لە مەترسییەكانی بەرەڵاییو خراپەكاریو داوێن پیسیو كاركردنی تۆكمەو توندوتۆڵ لەسەر چارەسەر كردنی كێشەو گرفتە سێكسییەكانی لاوان، بە سوكو ئاسان كردنی كاری

(هاوسەرگیری)، (کارئاسانیو ئاسانکاری بکرێت بۆیان لە پرۆسەی هاوسەرگیریدا)، لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە زانستییەدا، مرۆڤایەتی لە هەڵدێرانو تێکچوونو تێکەڵ کردندایە چارەسەری کێشەیەك بە کێشەیەکیتری قورسترو نارەحەتترو گرانو سەختو دژواری ئەکات ماڵو پارەیەکی زۆر ماندووبونێکی زۆر بە خەرج ئەداتو هەوڵێکی زۆرو تێکۆشانێکی لە رادەبەدەر واتە ماڵو پارەو بودجەیەکی بێشومار خەرج ئەکات لە پێناو چارەسەری گرفتو کێشەیەکدا.

بۆیە فەرمایشتو وتەی خوای پەروەردگار راستە لەسەریان مادام ئەوان وابن کە ئەفەرموێ: ﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ لِيَصُدُّواْ عَن سَبِيلِ
ٱللَّهِۚ فَسَيُنفِقُونَهَا ثُمَّ تَكُونُ عَلَيْهِمْ حَسْرَةً ثُمَّ يُغْلَبُونَۗ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ إِلَىٰ
جَهَنَّمَ يُحْشَرُونَ ﴿٣٦﴾ لِيَمِيزَ ٱللَّهُ ٱلْخَبِيثَ مِنَ ٱلطَّيِّبِ وَيَجْعَلَ ٱلْخَبِيثَ بَعْضَهُۥ
عَلَىٰ بَعْضٍ فَيَرْكُمَهُۥ جَمِيعًا فَيَجْعَلَهُۥ فِي جَهَنَّمَۚ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلْخَٰسِرُونَ
﴿٣٧﴾ ﴾ الأنفال: ٣٦ ـ ٣٧

# حیکمەت چیە لە یاساغ و قەدەغەکردنی سێکسی ناسروشتو نامۆو ناباو و هاوسەرگیری هاو رەگەزی (هاوشێوەیی)

## حیکمەت چیە لە یاساغو قەدەغەکردنی سێکسی ناسروشتو نامۆو ناباو و هاوسەرگیری هاوڕەگەزی؟

زۆر لە موسڵمانانو زانایانی موسڵمان زۆریان نوسیوە لە بارەی (سێکسی ناسروشتو ناباوو نامۆو) هەریەکەو لە رویەکەو لەلایەکی جیاوازەوەو حیکمەت لە یاساغو قەدەغە بونی، هەرچەندە لەباشترین کتێبو نوسراو نوسینێك لەم بوارەدا لە لەندەن دەرکەوت لە ساڵی (٢٠١٤)دا بەشێوەی بڵاوکردنەوەیەکی پزیشکی کە سەرۆکی کۆمەڵەی پزیشکی ئیسلامی لە بریتانیا ئامادەی ئەکرد، پزیشکی راوێژکاری لە نەخۆشییە دەروونییەکان دکتۆر (مجید قطمە)، لەو بڵاوکراوە پزیشکیەدا کار ئەکاتو تیایدا ئەنوسێتو نوسەرە لەو بوارەدا، کە بڵاوکراوەکە تێکەڵاوەو ئاوێتەیەو پڕیەتی لە (راستینەیی وراستێتی) زانستی (یەك لەدوای یەك/ زنجیرەیی)و لەسەر (دەرەنجامو بۆ دەرکەوتنی) لۆژیکی بنیات نراوە، هەروەها لەگەڵ کەسو خەڵکانی تردا بە رونی دەرکەوت، کە سێکسی ناسروشتو نامۆو ناباو رۆژێك کارێکی سروشتی نەبوە یان هەڵسو کەوتێکی پاكو سەلامەت یان فتری، بۆیە بەرگریو بەرهەڵستی کردنی واجبو پێویست کراوە، بە هەموو هۆکارێکی گونجاو لەبارو، لەو راستیانەش وەك:

<u>یەکەم/</u> خوای پەروەردگارو بە توانا، خوای موساو عیساو محمد (ﷺ)، هەر لە سەرەتاوە ئادەمی بەنێر دروستکردو،

حەوایشی بە مێ دروستکرد بۆ هاوسەرگیری فیتریو سروشتیو، خوای گەورە تایبەتمەندێتی راکێشانو عەودالبون بە دوای یەکدیداو لە نێوان رەگەزە جیاوازەکان (نێرو مێ) خوڵقاندوەو کارێکی ئاسایيو مالوفە، لە بەر ئەوەی یاساو رێساکانی بونەوەرو بناغە زانستیەکان جێگیرو سەلمێنراون بە جۆرێك کە هیچ ماوەو دەرفەتێك نەماوەتەوە بۆ شكو گومانو بەڵگەنەویستە کە بارگە هاوشێوەو وەك یەکەکان لەیەکتر دور ئەکەونەوەو جیا ئەبنەوەو، بارگە جیاوازەکان (دژەکان) یەکتری رائەکێشنو لەیەکتر نزیك ئەبنەوە، لەبەر ئەمە هاوسەرگیری نێر لەگەڵ مێ چێژی راستی تێدایە ئەنجامدانی کارێکی سەلامەتو تەندروستە پاكو بێگەردە، کە لێیەوە زاوزێ دێتە بەرهەم، کە بەهۆیەوە رەگەزی مرۆیی لە تیاچونو نەمان ئەپارێزرێت، لەبەر ئەوە راستە (ڕاستگۆییە) ئەوەی لە (ئەهلی ئاینە ئاسمانیە جیاوازیە کان) وتویەتی God created Adam and Eve not Adam and Steve

واتە خوای گەورە ئادەمو حەوای دروست کرد، نەك ئادەمو(ستیڤ)، واتە نێرو مێی دروست کرد نەك دوو نێر یان دوومێ، واتە پەیوەندی تەواوکاريو سروشتیو راستەقینە تەنها لەنێوان نێرو مێ دایە، کەواتە سێکسی ناسروشتو ناباوو نامۆ واتە کرداری قەومو گەلو هۆزەکەی لوط یان سێکسی مێ لەگەڵ مێ/ پانپانۆکێ، لە فیترەتەوە نیە، ئەو فیترەتەی کە خوای گەورە

خەڵكانی لەسەر دروست كردون، بەڵكو كارێكی دروستكراوەو بەرهەمی ژینگەی ناتەواو نادروستە، كە شەیتان‌و دارودەستەكەی (دەست‌و پێوەندەكەی) لە مرۆڤەكان كە ناویان نا بە ناوێك كە خوای گەورە هیچ دەسەڵات‌و توانەیەكی نەداوە بەم هاوشێوەیی و هاوڕەگەزبازیە.

هەتا قەومەكەی لوط گەڕایەوەو بەڵام ئەم جارەیان لەشێوەی بەرگێكی تازەدا دەركەوت !!...

كەواتە زۆر رون‌و ئاشكرایە كە پەیوەندی (دوانەیی) هاوسەرگیری لەنێوان پیاوو ژندا، خوای گەورە پیرۆزی كردوەو بەرەكەتتداری كردوەو رێكوپێكی كردوەو هانیان ئەدات‌و جەختی كردۆتەوە لەسەری، بۆ ئەوەی بڵاو بێتەوە لە هەموو كات‌و شوێنێكدا لەلای هەموو مرۆڤ، لە بەر ئەمە ئیسلامی پیرۆز هاندەرو برەوپێدەری پەیوەندی (دوانەیی) هاوسەرگیرییە لە نێوان نێرو مێداو، كارئاسانی (ئاسانكاری) بۆ ئەكات هانیان ئەدات‌و باوەشی بۆ گرتۆتەوەو داینا‌وە بە تەنها هۆكارێكی پاك‌و بێگەردو سەلامەت‌و تەندروست بۆ تێر كردنی غەریزەی سێكسی نێوان نێرو مێ‌و گێڕاویەتی بە داپۆشەری سۆزو ئارامی نێوانیان، هەر وەك بۆ راستێتی كارەكە خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ﴿ وَمِنْ ءَايَٰتِهِۦٓ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَٰجًا لِّتَسْكُنُوٓا۟ إِلَيْهَا

﴿ وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً ۚ إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ ﴾ الروم: ٢١

**بێجگە لەم هاوسەرگیریە ڕێپێدراوە ئیتر هەموو هاوسەرگیریەکیتری یاساغو قەدەغە کردوە، سزای سەختو توندی ئەوانەش ئەدات کە ئەو ڕێگا خراپانەو هەر ڕێگەیەکیتری نا دروست ئەگرنەبەر لە کۆمەڵگەی موسڵماندا .**

**دووەم/ خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا ئەفەرموێ:**

﴿ هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَجَعَلَ مِنْهَا زَوْجَهَا لِيَسْكُنَ إِلَيْهَا ۖ فَلَمَّا تَغَشَّاهَا حَمَلَتْ حَمْلًا خَفِيفًا فَمَرَّتْ بِهِ ۖ فَلَمَّا أَثْقَلَت دَّعَوَا اللَّهَ رَبَّهُمَا لَئِنْ آتَيْتَنَا صَالِحًا لَّنَكُونَنَّ مِنَ الشَّاكِرِينَ ﴿١٨٩﴾ ﴾ الأعراف: ١٨٩

**هەروەها پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست (ﷺ) ئەفەرموێ: (یامعشر الشباب من استطاع الباءة فلیتزوج فانه اغض للبصر واحسن للفرج ومن لم یستطع فعلیه بالصوم فانه له وجاء) پێشەوا ترمذی گێڕاویەتەوە.**

**هەروەها کاروکرداروکردەوەکانی پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست (ﷺ) بەمەبەستو نیەتی هاوسەرگیری بونو هەموو کردەوەکانیتری لەسەر هاوسەرگیری فیگریو سروشتی لە نێوان ژنو پیاودا بنیات نراوەو، هەموو یاساکانو شەریعەت (بەرنامە)کانو ڕێکخراوە خوێندنگە بیرو فکریە جیاوازەکان،**

پێکهاتوەو لەسەر ئەم بناغەیە بنیات نراون‌و دانراون، بناغەی پەیوەندی نێوان دوو رەگەز نەك تەنها رەگەزێك.

هیچ شك‌و گومان لەوەدا نیە کە گۆڕینی بناغەی ئەم رێکخراوە لە یاساکان لەجیهاندا بەگشتی‌و لە رۆژئاوا بە تایبەتی، لە بەرژەوەندی یەك رەگەزدایە کە سێکسی ناسروشت‌و ناباو ئەنجام ئەدات هەروەها لە بەرژەوەندی هاسەرگیری هاوڕەگەزی‌و هاوشێوەییدایە، کە ئەمەش کارەسات‌و دڵەراوکێ‌و سەر لێشێوان‌و شپرزەیی‌و ئاژاوەو پەشێوی‌و بێ یاسایی جیهانی ئەخولقێنێ، دوای ئەوەش دواجار خەشم‌و توڕەبون‌و سزای خوای پەروەردگار بەشوێن خۆیدا ئەهێنێ.

<u>سێهەم:</u> سێکسی ناسروشت‌و نادروست‌و ناباوو نامۆ کردەوەو کارێکی قەدەغەو یاساغە، نەك بە تەنها لە ئیسلامدا بەڵکو لە هەموو ئاین‌و شەریعەتە ئاسمانیەکاندا، بە هەمان شێوەو حاڵ لەگەڵ ئەنجامدانی کاری سێکسیتر کە لە دەرەوەی سنورو بازنەی ژن‌و مێردایەتیدا ئەنجام ئەدرێ‌و جێبەجێ ئەکرێت.

جا ئەگەر کارو کردەوەی سێکسی ناسروشت‌و نادروست ناباوو نامۆو یاساغ‌و قەدەغە بێت، ئەوا هاوسەرگیری (هاوڕەگەزی) بە هەمان شێوە یاساغ‌و قەدەغە دەبێت، لەبەر ئەوە چونکە لەگەڵ نەگۆڕو جێگیرەکانی (ئاین‌و نەریت‌و لۆژیك)دا یەك ناگرنەوەو لێك دەدەن‌و دژ ئەوەستنەوە، بێدەنگ بون‌و

قسەنەکردن لەسەری هەموو مرۆڤایەتی توشی سزا ئەکات ئێستا بێتو خێرا لە کاتی خۆیدا یان دواترو دواخراو بێت، بۆیە خوای تەعالا ئەفەرموێ ﴿ وَٱتَّقُواْ فِتۡنَةٗ لَّا تُصِيبَنَّ ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ مِنكُمۡ خَآصَّةٗۖ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ﴾ الأنفال: ٢٥ ، هەروەها پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست (ﷺ) ئەفەرموێ (اذا استحلت امتي خمسا فعليهم الدمار، اذا ظهر التلاعن، وشربوا الخمور، ولبسوا الحرير، واتخذوا القيان، واكتفى الرجال بالرجال، والنساء بالنساء) بەیهەقی ریوایەتی کردوەو گێڕاویەتەوە.

ئەمەش تەنها راگرتنی هەستو سۆزی (ناسروشتو نامۆیەك)ە نەکو خراپەو تاوانو زیانی کارەکە خۆی بێت چونکە نمونەو وێنەی ئەم هەستو سۆزە ئەکرێ چارەسەر بکرێتو دوبارە رێنمویی بکرێتەوە تاوەکو خاوەنەکەی بگەڕێتەوەو گونجاو هاوڕێك بێت لەگەڵ دەرونو پێکهێنانو دروستبونی فیترىو سروشتی.

خوای پەروەردگار لە قورئانی پیرۆزدا باسی سزای قەومو گەلی خراپەکارو بەدڕەوشتانی (لوط)ی کردوە زیاد لە (١٠٠) ئایەت لە رێگەی (١٣) سورەتەوە لەوانە:

﴿ إِنَّا مُنزِلُونَ عَلَىٰٓ أَهۡلِ هَٰذِهِ ٱلۡقَرۡيَةِ رِجۡزٗا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ بِمَا كَانُواْ يَفۡسُقُونَ ﴿٣٤﴾ وَلَقَد تَّرَكۡنَا مِنۡهَآ ءَايَةَۢ بَيِّنَةٗ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ﴾

العنكبوت: ٣٤ – ٣٥ ، **هەروەها دوبارە لە سورەتی هوددا ئەفەرموێ**

﴿ فَلَمَّا جَآءَ أَمۡرُنَا جَعَلۡنَا عَٰلِيَهَا سَافِلَهَا وَأَمۡطَرۡنَا عَلَيۡهَا حِجَارَةٗ مِّن سِجِّيلٖ مَّنضُودٖ ﴿٨٢﴾ مُّسَوَّمَةً عِندَ رَبِّكَۖ وَمَا هِيَ مِنَ ٱلظَّٰلِمِينَ بِبَعِيدٖ ﴾ هود: ٨٢ - ٨٣

**جا ئەگەر سێکسی ناسروشتو نادروستو ناباوو لە کاتو ساتێکی رابردوو گەمارۆ دراوی تایبەت بە گەلی لوط لەسەر بوارو سنوری تەسکی ڕێژەیی، خوای گەورە سزای دان بە وێران کردنو بارانی خراپو بەدو لەناوی بردن ئەی چاوەڕوانی چی بکرێت لە زەمانی (کاتو سات)ی ئێمەدا، کاتێك کە سێکسی ناسروشت نامۆ بوەتە ناونیشانێك بۆ جیهانگیری (عولمە) تەواوی ئینترنێتو راگەیاندن گرتۆتەوەو دایپۆشیوە، بڵاوبۆتەوە وەك ئاگرێکی بە بڵێسە، دامەزراوە جیهانیەکان تەبەنیو داکۆکی لێ ئەکەن بە پێشەواو رابەرایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو، پەرلەمانە جیاوازەکان بە یاساییان کردوەو بە یاساش پارێزگاری لێ ئەکەنو ئەیپارێزن، بوەتە بەشێك لە مافەکانی مرۆڤو لێی**

جیانابێتەوە، زەوق و چێژی گشتی تێکداوە بە جۆرێك گەیشتۆتە پلەیەك کە بوەتە هۆی ئەوەی نەك هەر تەنها نەهی لە خراپەو خراپەکاری ناکات بەڵکو هانی ئەدرێت و پشتیوانی لێئەکرێ و تەبەنی ئەکرێت نەخشەو پلانی جێبەجێ کردنی بۆ دائەنرێت.

سێکسی ناسروشت و نامۆ نادروست و لادان و گومڕایی و ڕاکێشەروهێنەری تورەبونی خواو سزای خێراو ڕاستەوخۆ یان سزای دواخراو بۆ کاتی دیاری کراوو نەزانراو، لەبەر ئەوە خوای گەورە ماوەو فرسەت (یمهل) ئەدات بەڵام (یهمل) پشت گوێ ناخات، هەموو مرۆڤایەتی لەسەر (موعد)ن لەگەڵ سزای دادپەروەرانەی خوایی ئەگەر هاتوو لەسەر ئەو حاڵەت و بارە مانەوە ﴿ إِنَّ مَوۡعِدَهُمُ ٱلصُّبۡحُۚ أَلَيۡسَ ٱلصُّبۡحُ بِقَرِيبٖ ﴾ هود: ٨١

**چوارەم:** زانستیانەو پزیشکیانە سەلماوەو جێگیر بووە کە ماوەو دەرفەت نەماوەتەوە بۆ هیچ شك و گومانێك کە سێکسی ناسروشت و نامۆ نادروست ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە گواستنەوەی نەخۆشیەگوازراوە سێکسیەکان و بڵاوکردنەوەیان بە تایبەتی نەخۆشی ئایدز، هەروەها ئەبێتە هۆی کێشەو گرفتی پزیشکی ئاڵۆزو سەخت و گران وەك نەخۆشی شێرپەنجە. هەربۆ زانین (زانیاری) ناوەندی (سەنتەری)

کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیەکان لە ئەمریکا(CDC) گشتاندی کرد لە سەر ناوی ئایدز کە لە سەرەتای دەرکەوتنی ناوە راستییەکەی کە بریتی بوو لە (شێرپەنجەی نائاسایی و ناباو نامۆ)، دواتر ناوەکەی گۆڕا بە (کەمی بەرگری پەیوەندیداربە سێکسی نائاسایی و ناباوو نامۆ، بۆیە ئەو نەخۆشیە نوێیە گشتاندنی بۆ کراو بڵاویان کردەوە بە (متلازمه نقص مناعه المكتسب/ پەیوەندێتی کەمی بەرگری بەدەستهاتوو) الایدز AIDS و پۆلێنرا بەوەی کە یەکێکە لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان.

ئەوە روون و ئاشکرا بوو کە سێکسی نائاسایی و ناباوو نامۆ ئەبێتە هۆی دروستکردنی کێشەو گیرو گرفتی پزیشکی ئاڵۆزو سەخت و دژوار وەك:

١- شێرپەنجەکانی کۆم‌و دومەڵەکان و هەوکردنەکانی کۆم.
٢- لاوازی لە توانای کۆنترۆڵ‌و زاڵبون بەسەر پیسایی کردن (پیسایی کردن بەبێ ویستی خۆ).
٣- هەرچی زنجیرەیەکیش لە نەخۆشی و هەوکردن هەیە کە هۆکارەکەی کارو کردەوە وئەنجامدانی کاری (شذوذی جنسی)یە کە گرنگترینیان:
- ئایدز.

- سیلان.
- سفلس.
- بالوکەی ئەندامی زاوزێ (دامێن).
- برینی نەرم وشل (القرحه الرخوه).
- هربس.
- تا کۆتایی لیستێك لە نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان کە لە (٥٠) پەنجا نەخۆشی زیاتردەبن.

<u>پێنجەم:</u> زانایان دایئەنێن کە سێیەکی (٣/١) پیسایی پێك دێت لە میکرۆب، هەیانە نەخۆشی بڵاوئەکەنەوەو هەشیانە نایگوازنەوە، لەبەر ئەوە هەرچۆنێك بێت ناوچەی کۆم زۆر ترین ناوچەی پیسە لە لەشی مرۆڤدا، کە بە ملیارەها بەکتریاو ڤایرۆس‌و کەڕووەکانی تێدایە، لەبەر ئەوە ئەنجامدانی سێکسی نائاسایی‌و ناباوو نامۆ لەم ناوچەیەدا بێجگە لەوەی کە حەرام‌و یاساغ‌و قەدەغەو رێپێنەدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا کارێکی نا تەندروست‌و نا لۆژیکییە لەبەر ئەوەی ناوچەی پیسایی‌و پاشەڕۆیە.

<u>شەشەم:</u> ئەنجامدانی کاری سێکسی نا ئاسایی‌و ناباوو نامۆ بەڕواڵەت چێژو خۆشی لەزەتە، بەڵام بە دیوەکەیتریدا، دیوە شاراوەکەی کە ئەبێتە هۆی کارێکی تەواو پێچەوانە، کە ئەبێتە

هۆی گرفتو کێشەی نەخۆشی ئاڵۆزی دەرونیو ئەقڵو ژیری بۆ نمونە لەوانە:

- خەمۆکیو پەستی.
- دڵەڕاوکێو بێئارامی نیگەرانی.
- خەوزران(بێخەوی).
- ئالودەبون لەسەر مەی خواردنەوە.
- هەندێ جاریش خۆکوشتن.

<u>**حەوتەم:**</u> خوای پەروەردگار نێرو مێی لە جوانترین شکڵو شێوەدا دروست کردوە، بۆ ئەوەی هەندێکیان تەواوکەری هەندێکیتریان بن لەهەموو روەکانوبوارەکانی ژیاندا لە زمنی ئەو تەواوکاریانەیاندا تێرکردنی (سێکس) لەڕوی ئەندامەکانی زاوزێیانەوە جیاوازن بەڵام تەواکەری یەکترین، هەروەها لەڕوی بۆماوە جیناتو رەنگە بۆماوەییەکان کە نێر لە (y) لەمێدا، ئەم دروستکردنە دەرونیەو توێکاریە جیاوازە لە هەر یەکێکیاندا(x) ئەبێتە هۆی بەرزترین پلە لەچێژو خۆشیو لەزەت بۆ هەردوولا کاتێ جوتو هاورێكو تەریب بێت لەگەڵ فترەتو پەیوەندی پاكو بێگەردو سەلامەت، هەروەها لەگەڵ دروستبونو پەیدابونی سۆزو خۆشەویستی ئارامی دەرونی لە نێوان هەردولایاندا، بۆیە خوای پەروەردگار لەم بارەیەوە ئەفەرموێ:

﴿ نِسَآؤُكُمۡ حَرۡثٞ لَّكُمۡ فَأۡتُواْ حَرۡثَكُمۡ أَنَّىٰ شِئۡتُمۡۖ وَقَدِّمُواْ لِأَنفُسِكُمۡۚ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّكُم مُّلَٰقُوهُۗ وَبَشِّرِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴾ البقرة: ٢٢٣

**هەشتەم:** خوێندنەوە پزیشكیو دەرونیەكان جێگیریان كردوە كە باشترینو تەواوترین گەشەی جەستەییو دەرونی بۆ منداڵ كاتێكە كە لە نێوان سنگو باوەشی باوكو دایكیدا بژیت، ئەم ژیانە سۆزداریو خۆشەویستیەش ئامادە ناكرێت مەگەر لە كەشو هەوایەكی جێگیرو دامەزراو ئارامدا نەبێت، ئەویش لە ئەنجامی هاوسەرگیری سروشتی نێوان نێرو مێدا دێتە بەرهەم، لەبەر ئەمە ئیسلامی پیرۆز جەخت ئەكاتەوە لەسەر دروستكردنو هێنانە ئاراوەی ئەم جۆرە كەشو هەوا لەبارەی پەروەردەیی مەبەستدار، بۆ پارێزگاری كردن لەسەر داهاتوی نەوەكانمانو بەرژەوەندی كۆمەڵگە.

**نۆهەم:** لە مافی منالە كە لە باوەشی گەرمو سۆزی دایكو باوكی راستینەو (راستەقینە)ی خۆیان بژێت (پیاو ژن واتە دایكو باوكی بیۆلوجی) نەك لەگەڵ دوانی هێنراو/ هاوردەو لەهەمان رەگەز كە ناتوانن هەستو سۆزی راستینەو (راستەقینە) بنوێنن چونكە هەستو سۆزیان لە ناخیانەوە سەرچاوە ناگرێت بەڵكو خوازراوو وەرگیراوو بەكرێ گرتەو كاتیە، چونكە سۆزوهەستیان تەنها لەسەر خزمەتكردن بنیات

نراوەو هیچیتر، کە ئەمە ستەمێکە لە مافی منالْ ئەکرێ، ئیسلام رازی نابێت بە م ستەمە، جا ئەگەر سێکسی نا ئاسایی و ناباوو نامۆ پاساوبێت لە رۆژ ئاوا، بەهۆی ئەوەی کە ئازادی تاکە کەسیەو مافێکە بۆیان لە مافەکانی مرۆڤ، ئەی ئایا ملیۆنەها منالْی پەرتەوازەو تەفرو تونا مافیان نیە، ئەی رێکخراو کۆمەڵگەکانی مافی مرۆڤ لەکوێن، بۆ ئەوەی رێگری بکەن لە وێنەی ئەنجامدانی ئەم جۆرە کارە قێزەونانەو پارێزگاری لە مافی منالاْن بکەن.

دەهەم: خوای پەروەردگار مرۆڤی دروست کردوە بۆپەرستن و پەرستشی خۆی و ئاوەدانکردنەوەی ئەم گەردونە فراوانە بەپێی یاساو رێسای گەردونی، بۆ ئەمەش باشترین بەرنامەو پرۆگرامو یاسای تەواوو بێکەموو کورتی بۆ داناوەو قەرار داوە کە زۆرترین سودو کەڵکی هەیە بۆی ﴿ أَلَا يَعۡلَمُ مَنۡ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ﴾ الملك: ١٤ لە بەرژەوەندی تەواوی مرۆڤ ئەوەیە کە هاوسەرگیری ئەنجام بدات و خێزان پێکەوە بنێت و منالْ (کورو کچ)ی لێببێتەوە، پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) جەخت لەسەر ئەمە ئەکاتەوەو ئەفەرموێ (تناكحوا، تكاثروا، تناسلوا، فانی مباه بكم الامم يوم القيامة) بەیهەقی ریوایەتی کردوە.

مادام هاوسەرگیری هاورەگەزی ئەم ئامانجو مەبەستەی تیا نایەتەدی، هیچ منالێکی لێناخرێتەوەو لێی پەیدا نابێت، بەڵکو راکێشەری زۆر جۆر نەخۆشیەو یارمەتی نەمانو پوکانەوەی مرۆڤایەتی ئەدات (بەهۆیەوە مرۆڤایەتی توشی نەمانو دوابڕان دەبێتو لە گەشەو زۆر بون ئەوەستێت)، لەبەر ئەمە ئیسلامی پیرۆز هیچی دانەناوە بۆ ئەم مەسئەلەیە مەگەر تەنها حەرامو قەدەغەو یاساغ کردنی نەبێتو سزادانی بکەرەکەیان، بۆیە هەربرەودانو هاندانێكو هەر هاوکاریو یارمەتیەك یان بڵاوکردنەوەی سێکسی نائاساییو ناباوو نامۆ ئەوە هاوکاریو یارمەتیە بۆ وێرانکردنو هەڵتەکاندنی مرۆڤایەتی هەڵگەڕانەوەلە فیترەت لەبەر ئەم هۆیانەی لای خوارەوە:

١- لەبەر ئەوەی دژی هاوسەرگیری سروشتیو فیتریو دابو نەریتە باوەکان.

٢- لەبەر ئەوەی ئەبێتە هۆی کێشەی دەرونیو ئەقڵی لەمنالاّندا.

٣- لەبەر ئەوەی پێچەوانەی هەموو شەریعەتو یاسا ئاسمانیەکانە (ئیسلام، جولەکە. گاور).

٤- لەبەر ئەوەی دژی ئاکارو خوو رەوشتو(مبادئ السامیە).

٥- لەبەر ئەوەی مەترسیە لەسەرپێکەوەگونجانی کۆمەڵگەو جێگیر بونی.

٦- لەبەر ئەوەی مەترسیە لەسەر تەندروستی.

٧- لەبەر ئەوەی هەڕەشە لە بونی مرۆڤایەتی و بەردەوام بونی ئەکات.

ئیسلامی پیرۆز ئەنجامدانی هەر کارێکی یاساغو حەرام کردوە کە لێوەی دێتە بەرهەم، ئەگەر چی بە تەنها زیانیشی هەبێت بۆ تاکە کەسێك لە مرۆڤایەتی، ئەی چۆن رەفتارو خو رەوشتێکی نامۆ ناسروشت حەرامو یاساغو قەدەغەناکات کە ئەبێتە هۆی زنجیرەیەك لە نەخۆشی سێکسیو دەرونی بۆ سەر تاكو کارەساتو بەڵاو وێرانەو کاولبونیش بۆ سەر کۆمەڵگە؟.

تەواو بوو بەیارمەتی خوای کار بەجێ

دوشەممە، ٢٠١٧/٥/١

سلێمانی

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی........................................ | ٥ |
| نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان راستینەیی و داتان........... | ٩ |
| نەخۆشییە گوازراوە سێکسییەکان( پرسیاروەڵام ) ............ | ٤٥ |
| ( ئایا ڕاستە کە ( سێکس )ی دەم، واتە ( سێکس ) لە ڕێگەی دەمەوە، ئەبێتە هۆی شێرپەنجەی دەم و قوڕگ و گەرو ).......................... | ٧١ |
| ئایا ( نەگەیەن/ کۆندۆم ) پارێزگاری ئەکات لەمیکرۆبی نەخۆشیە گوازراوە سێکسیەکان؟و چ پەیوەندیەکی راستەقینەوراستینەی هەیە لەگەڵ ( سێکس )ی سەلامەت و دڵنیاییدا؟........................................ | ٧٥ |
| حیکمەت چیە لە یاساغ و قەدەغەکردنی سێکسی ناسروشت و نامۆ و ناباو و هاوسەرگیری هاو رەگەزی ( هاوشێوەیی )......................... | ٩٢ |





دورة الإعداد المدربين
مشروع وقاية الشباب
الأمراض المنقولة جنسياً
بالتعاون مع الاتحاد العالمي
للجمعيات الطبية الإسلامية
في محافظة السليمانية